دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

کوردستان

ژمارە:٥٤٢

www.kurdistanukurd.com

دووشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٣٨٩ . ٦ ی سێپتامبری ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



رۆژی ئێران لە عێراق دا: ئایا پێکەی ئێران لاواز بووە؟!

٥

سیاسی

یەکگرتووی خوازیی رێبەر و شەپۆلێک خوێندنەوەی جیاواز

٦

دیپلۆماتیک

زێرار شالیان سەبارەت بە هێندێک ڕەهەندی مەسەلەی کورد دەدوێ

٨

کۆمەلایەتی

«کەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە» یان دژی بنەماڵە؟!

٩

نیگەرانی ئێران لە دانوستانەکانی نێوان ئیسرایل و فەلەستین

فەلەستین رادەگەیەنێ کە ئەحمەدی نژاد بۆی نیە لە سەر فەلەستین و سەرۆکەکەی قسە بکا

کوردستان ـ بەشی سیاسی: هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولی نوێی وتوویژەکانی ئاشتی نێوان ئیسرایل و فەلەستین، کۆماری ئیسلامی وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆی لەم بارەوە ڕایگەیاندوە کە دژی ئەم دانوستانانەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیی دا «نەبیل ئەبوو ردینە»، وتەبێژی حکوومەتی فەلەستین بە توندی ڕەخنەی لە قسەکانی ڕۆژی هەینی ڕابردووی ئەحمەدینژاد گرت و ڕایگەیاند کە ئەحمەدی نژاد خۆی بە تەقەللوب و کودەتا هاتوتە سەر دەسەلات و بۆی نییە مەشرووعییەتی حکوومەتی فەلەستین و سەرۆکەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە. ناویراو لە دریژەدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەحمەدی نژاد دەنگی خەڵکی ئێرانی دزیوە و نوێنەری خەڵکی ئێران نیە، هەربۆیە، ناتوانێ قسە لەسەر فەلەستین بکا.

وتوویژەکانی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پاش ٢٠ مانگ ڕاوەستان، هەفتەی ڕابردوو دەستی پێکردەوە و کۆماری ئیسلامیش دژایەتی ئەم وتوویژانە دەکا و مەحموود عەباس بە نوێنەری فەلەستین نازانێ.

ئەحمەدی نژاد هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی هەینی ڕەخنەی توندی لەو وتوویژانە گرت و وتی کە ئەو کەسانەی کە خەریکن وتوویژ لەسەر مافەکانی خەڵکی فەلەستین دەکەن، نوێنەری خەڵکی فەلەستین نین و ئەو وتوویژانە هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئەم نیگەرانییەی کۆماری ئیسلامی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم خۆلە لە دانوستانەکانی نێوان ئیسرایل و فەلەستین ئاکامێکی ئەرێنی لێیکەوێتەوە و بەم جۆرە کارتی فەلەستین لە دەستی ئەو وڵاتە بێنێ دەرێ و لەو پێوەندییەدا دەرەتانی مانۆڕدانی بەرتەسک بکەنەوە.

وەزیرە گاڵتەچییەکان

حسێن ئەحمەدپوور

مەنووچێهر موتەکی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، ٨ی خەرمانان لە وتوویژێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەی «ئیشبیگێل»ی ئاڵمانی دا ڕایگەیاند: لە کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز کەس بە تاوانی سیاسی ئیعدام نەکراوە. ئەو لاوانەی کە لە ئێران ئیعدام دەکرێن، لەسەر کرین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیرە و کۆماری ئیسلامی بە ئیعدام کردنیان، لاوانی ئاڵمان لە گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدیر دەپارێزێ.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو قسانەی موتەکی ئەوەندە سووک و بێ بنەمان کە هیچ پێویست بە شی کردنەوەیان ناکا و هەر هاوولاتیێکی ئێرانی گاڵتەی بەم جۆرە لێدوانانە دێ، بەڵام بەم حاڵەش بۆ ئەوە دەشێ کە کورتە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین.

لە دنیای ئەمڕۆکەدا ئیعدام کردن و سزای خەڵک بە هۆکاری سیاسی ئەوەندە قێزەوەن و کۆنەپەرەستانەیە، کە تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان کاتێک لە دنیای دەرەوەدا ڕووبەڕووی پرسیاری لەم چەشنە ببنەوە، ناچارن درۆ بکەن، ئەویش چ درۆیەک! هێشتا چوار مانگ بەسەر ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر و ٤ تێکۆشەری دیکەی سیاسی و مەدەنی کورد و ئێرانی دا تێنەپەڕیوە، کە ئیعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە نە تەنیا ئێران و کوردستان، بەڵکوو دنیای هەژاند. وەزیری دەرەوە ڕێک لە ساڵرۆژی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی دا ناچارە درۆ بکا. ٢١ ساڵ بەر لە ئێستا لەم ڕۆژانەدابوو کە هەزاران زیندانی سیاسی بە کۆمەڵ تیریاران و لە سێدارەدران. موتەکی لە حاڵێکدا درۆ دەکا کە هەر ئێستا ناوی ئەو تێکۆشەرە سیاسییانەی کە لەژێر حوکمی ئیعدام دان لەسەر زاری هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان دان و ڕۆژانە لە میدیاکانی وڵاتانی دیکەش دا باسیان لێ دەکرێ. وەزیری دەرەوە لە ڕۆژئاوا درۆ دەکا، بەڵام دەزگای قەزایی لە نیوخۆ بە شانازییەوە باس لە ئیعدامی تێکۆشەرانی سیاسی دەکا و ئیعدامی نەیارانی سیاسی بە بەجێهێنانی واجبی شەرعی و دینی لە قەڵەم دەدا.

موتەکی بە خەیاڵی خۆی بۆ ڕازی کردن و کلاوکردنە سەر ڕۆژنامەنووسە ئاڵمانییەکە دەڵێ : ئێمە بە ئیعدام کردنی ئەو لاوانە لە ئێران، لاوەکانی ئاڵمان لە گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدیر دەپارێزین. جاران سەدام حوسین لە عێراق کوشتاری خەڵکی بە کوشتن و لەناوبرانی دز و جەردە، پاساو دەهێنایەوە. بەڵام ئەم پاساوەی وەزیری دەرەوەی ئێران لەڕاستی دا زۆر قەباحت ترە لە پاساوەکەی سەدام حوسێن. موتەکی پێیوایە ڕۆژئاواییەکان بۆخۆیان دەوڵەت و حکوومەت و پۆلیسیان نیە تا لاوانی خۆیان بپارێزن و ئەرکی پاراستنی هەموو دنیا کەوتۆتە سەرشانی کۆماری ئیسلامی. وادیارە ئەمەشیان ئەرکێکی دینی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە و هەر بەم جۆرەش بیر دەکەنەوە کە دەیانەوێ «پڕۆژەی مودیرییەتی جیهانی ئەحمەدی نژاد و خامنەیی بەڕێوە ببەن».

ل٢

ناردنی موتۆری فڕۆکە بۆ ئێران لە لایەن شیرکەتە ئاڵمانییەکانەوە

دادستانی ئاڵمان لە حاڵی لێکۆڵینەوە لە سەدان شیرکەتی ئاڵمانین کە خەریکی ئامادەکردن و دابین کردنی کەرەستە نیزامییەکان بۆ ئێران بوون.

ئەم شیرکەتانە لە ژێر ناوی ژێنراتۆر، موتۆری فڕۆکە و کەرەستە نیزامییەکانیان بۆ ئێران بەڕێ کردوە.

ئەم کەرەستانە کە بەڕواڵەت بۆ دوبەی دەنێردران، لە هەندێکیان بۆ دروست کردنی ئەو فڕۆکەی بێ سەرنشینە کەلکی لێ وەرگیراوە کە لەم دواییانە لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە پەردەی لە سەر لادرا.

بەرپرسانی ئەمنییەتی ئاڵمان دەڵێن سەدان شیرکەتی ئاڵمانی ئەم کارەیان کردوە و ئێران لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیایانەوە گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەور لێ داوەتەوە.

بە پێی زانیارییەکان بارنامەی ئەم بارانە بۆ ڕووسیە بەڵام بە ناوی دوبەیەوە ئامادە دەکرا و لە ئاکامدا لە بووشێهر دادەبەزێ.

بە پێی وتەی شارەزایانی ئەمنییەتی شیرکەتەکانی نووردراین وستفالن لە بەرنامەی ناوکی و دروست کردنی ڕاکت و فڕۆکەی شەڕکەری بێ سەرنشین دا یارمەتیی ئێران دەکەن.

شیاوی وەبیر هێنانەوەیە کە ماوەیەک لەوەپێش ئەحمەدی نژاد فڕۆکەی « کەڕرار» ی لە تاران پێشان دا کە دەتوانی بە بۆمب تا هەزار کیلومیتر بپێکێ، کە دەگوترێ کەرەستەکانی ئەم فڕۆکەیەش لە ئاڵمانەوە هاتوە. بەم شێوەیە ئەم شیرکەتانە بە دژی گەمارۆکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکیەتیی ئورووپا هەنگاو هەڵ دەگرن کە بۆ سزادان و فشار خستنە سەر ئێران پەسند کراوە.

هێزە سەرەکییەکانی باکووری کوردستان ڕێفڕاندۆمیان تەحریم کرد

کوردستان: هێزە سەرەکییەکانی باکووری کوردستان، لەوانە پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی ئاشتی و دێموکراسی و کۆنگرەی کۆمەڵگای دێموکراتیک کە خاوەن پێگەی جەماوەری بەرچاون، ڕێفراندۆمی یاسای بنەڕەتی تورکیایان بایکۆت کرد کە بریارە ١٢ی سێپتامبر بەڕێوە بچێ.

ئەم هێزە کوردیانە بڕیاری بایکۆت کردنەکەیان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ٢٦ مادە هەموار کراوەکە، هیچ ماف و داخوازییەکی خەڵکی کوردی تێدا ڕەچاو نەکراوە. لە لایەکی دیکەوە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی وەک پارتی کۆماری گەل و پارتی نەتەوە پەرەستی مەهەپە بانگەشە بۆ دەنگنەدان بە یاسا هەموار کراوەکە دەکەن. ئەو دوو لایەنە پێیان وایە کە ئەو یاسا هەموار کراوە لادانە لە بنەماکانی کەمالیزم لە تورکیە.

هەر لەم پێوەندییەدا کەمال کلیچدار ئۆغلو، سەرۆکی پارتی کۆماری گەل پشتیوانی لە هەڵوێستی بایکۆتکردنی پارتی ئاشتی و دێموکراسی و لایەنە کوردییەکان گرت و بە هەڵوێستێکی ئەرێنی وەسف کرد.

شایانی باسە هەندێک لە چاودێرانی سیاسی کورد و تورک هەڵوێستی بایکۆت کردنی ڕیفراندۆم لە لایەن کوردەکانەوە بە هەڵوێستێکی نەشیاو دەزانن و ئەڵێن ئەگەرچی یاسا هەموار کراوەکە داخوازی کوردانی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵام لە ئەگەری سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکەدا ئەوە بەستێنی لەبار بۆ گۆڕانکاری دێکە لە داهاتوودا بە قازانجی کورد دڕووست دەکا.

٢٠٥ هەزار زیندانی و ٨ میلیون پەروەندەی قەزایی لە ئێران لە ساڵ دا

زیندانەکانی ئێران بە جێی ٨٠ هەزار کەس، ٢٠٥ هەزار کەسیان تێدا زیندانی کراوە.

زیندانەکانی ئێران بە لانی زۆرەوە جێگای ٨٠ هەزار کەسیان دەبێتەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ٢٠٥ هەزار زیندانیی تێدا جێ کردۆتەوە و لە ساڵ دا ٨ میلیون پەروەندە لە دادگاکانی ئێران دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ.

سایتی ئینترنێتی «الف» کە سایتی ئەحمەد تەوەکولی، سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسە، ئاماریکی سەرسووڕهێنەری لە پێوەندی لەگەڵ ئەژماری زیندانییەکانی نێو گرتووخانەکانی ئێران، پەروەندە قەزاییەکان و ئاستی زانستی و ئەزموونی قازییەکان بڵاو کردۆتەوە و بەو ئاکامە گەیشتوە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا ناتوانی ئەرکە یاساییەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ.

بەپێی ئەو ئامارانە زیندانەکانی ئێران بۆ ٨٠ هەزار کەس دروست کراون، بەڵام ئێستا ٢٠٥ هەزار کەس، واتە نیزیک بە سێ بەرابەری ئاستی یاسایی خۆی زیندانی تێدا جێ کراوەتەوە،ئەوە لە حاڵێک دایە کە هێشتا کارناسانی حقوقی گومانیان لە سەر ئەو ئامارە ڕەسمییانەی هەیە و پێیان وایەکە زیاتر لە هێندەی زەرفییەتی زیندانەکانی ئێران زیندانییانی تێدایە.

پێش لە بڵاوبوونەوەی ئەم ئامارانەش، غولام حوسێن ئیسماعیلی، سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکان ڕۆژی ٦ خەرمانان ڕایگەیاندبوو کە بە پێی پێویست و لە چاو ئەژماری زیندانییەکانی وڵات بەندیخانەمان نیە.

گیان لەدەست دانی ٤ پێشمەرگەی کۆمەڵە

ئەم دەستەیە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دریژەی سیاسەتی تەعقیب و سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا کەوتوونەتە کەمینی ئەو هێزانەو بێ بەزەییانە شەهید کراون.

هەر لەم پێوەندییەدا ئاژانسەکانی هەواڵی سەر بە کۆماری ئیسلامی کوشتنی ئەو چوار پێشمەرگەیان پشتڕاست کردەوەو بە سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەقەڵەم داو کۆمەڵێک تۆمەتی وەکوو ڕیگری و بانکبڕینیان داونەتە پاڵ.

شایانی باسە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەش بە دەرکردنی ڕاگەیاندراویک ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردۆتەوە.

ڕۆژی ١١ی خەرمانان ٤کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە نزیک شاری سنە کەوتنە کەمینێکی هێزەکانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا بەداخەوە هەر چواریان گیانیان لەدەست دا.

دیداری هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ

ڕۆژی دووشەممە، ١ ی خەرمانان هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان،پێکهاتبوو لە بەڕێزان قادر وریا، حەسەن قادرزادە ئەندامانی دەفتەری سیاسی وکۆمیتەتی گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە وڵاتی نۆرویژیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ پێکهاتبوو لە بەڕێزان بۆرد ویگار، سەرۆکی ریکخراوی چەپی نۆرویژ لە پارلمان و وەزیری پێشووی پەروەردەو فیرکردن حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پاریزگای ئاکێشوز، یەدروم سکار، جیگری بەرپرسی کۆمیتەی بەریوبەری و بەرپرسی پەیوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،ئەرلاند هیلە ئەندامی شوراپیاریزگا وکەریم ئەللاوەیسی ئەندامی کۆمیتەی بەریوبەری حیزبی سوسیالیستی چەپ لە و پاریزگایە، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. لە دانیشتنی نێوان هەر دوو هەیئەتدا چەند تەوەرلە پەیوەندی لە گەل وەزعی ئێران و کوردستان و هاوکاریی دووڵایەنەدا هاتنە بەر باس .

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردانەدا هەوڵەکانی وڵاتی نۆرویژی لەئاست مافی مرۆڤ و ئاشتی نێونەتەوەیی بەرز نرخاند و هەروەها ریزی لە تێکۆشان و هەوڵدانی بەرپرسانی نۆرویژ گرت کە بە گوێرەی توانا بۆ پشتگیری و پشتیوانیی مەسەلەی کورد هەوڵیان داوە و سپاسی تایبەتی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژیشی کرد کە هاوکار و دۆستێکی باشی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

لەو دیدارەدا هەیئەتی نۆرویژی لە بەشێک لە قسەکانیان دا وێرای پێداگرتن لەسەر پەیوەندیی هەردووڵایەن بەڵێنیاندا بە پێی توانا وەک هەمیشە هاوکار و پشتیوانی مەسەلەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کێشەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بن.

ڕێورەسمێکی بەشکۆلە یادی ٦٥ ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بەڕێوەچوو

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٦ ی خەرمانان لە ڕێورەسمێکی بەشکۆ دا یادی ٦٥ ساڵ خەباتو خۆراگریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەرامبەر ڕێژیمە سەرەڕۆیەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیو فیدا کردنی هەزاران کادرو پێشمەرگەو ئەندامی قارەمانو گیانبەخت کردووی دێموکرات بە بەشداریی سەدان کوردی دانیشتووی نۆرویژ بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا سرووی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن کۆری سرووی منالانی یەکێتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوەو پاشان بە خولەکێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ئازادیو سەرفیرازیی کوردستان، ڕێورەسمەکە دەستی پێکرد.

دواتر لە ڕێورەسمێکی سەمبولیک دا ئەمجار ٦٥ مۆم بە نیشانەی ٦٥ ساڵ خەباتی لێبراوانەو شێلگیرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان داگیرسا.

دواتر کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب کە سەردانی دەرەوەی وڵاتی کردوە، بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکێشی بەشداران کرد.

کاک قادر وریا لە بەشێکی قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد ئێمە کە باسی شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینو وەک هێزێکی سەرەکی لە مەیدانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیناسێنین، بەو مانایە نیە کە خەباتو تێکۆشانی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە نابینین، لانی کەم بەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییەوە کۆمەڵێک حیزبو ڕێکخراوی دیکەش شانبەشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنگەری تێکۆشان بۆ ئازادیی گەلی کورد دا بوونو باشترین ڕۆڵەکانیانو باشترین ڕۆڵەکانی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەواندا گیانی خۆیان لە پێناو ئازادیی گەلی کورددا بەخت کردوە، بۆیە باسکردن لە خاڵە بەهێزەکانی حیزبی دێموکرات بە هیچ چەشنێک ئینکاری خەباتی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە نیەو ئێمە هەروا کە بەرابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە شانازی دەکەین، بە دۆستایەتیمان، بە هاوخەباتیمان لەگەل هێزو ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ ئازادیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان تێکۆشانیان هەیە، شانازیی دەکەین.

قادر وریا هەروەها لە پێوەندی لە گەل کلتووری ڕەخنەگرتن لە نێو خۆی حدک دا ڕایگەیاند کە ئێمە لە مێژووی حیزبەکەماندا زۆر شت هەیە کە دەکرێ ئاماژەی پێبکرێو لە خانەی شانازییەکان دا حیسابی بۆ بکرێ، بەڵام دەمەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم قۆناخە نوێیەی تێکۆشانی خۆیدا کە بەدوای لەتبوونی حیزبدا دەست پێدەکا، ئەگەر شانازییەکانی خۆی دەبینێ، ئەگەر دەستکەوتەکانی خۆی دەبینی، ئەگەر خاڵە بەهێزەکانی خۆی دەبینی، کەمو کوورییەکانی خۆشی دەبینێ. حیزبی ئێمە لە پێوەندییە نێو خوێیەکانی خۆی دا زۆر جار لاوازی هەبووە، لە پێوەندیی خۆیدا لەگەل حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەدا گیروگرفت هەبووە، کەمو کووری هەبووەو لە پێوەندیی خۆمان لەگەل کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشدا ئێمە بێ ئێشکال نەبووین. لە قۆناخی تازەی تێکۆشانماندا هەڵماداوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە ڕابردوومان، دەستکەوتەکانمانو شانازییەکانمان ببینینو بەلام کەمو کوورییو لاوازییەکانیش ببینینو لەبەر ڕووناکایی ئەو ئەزموونە زۆرەی کە حیزبی ئێمە هەیەتی بتوانین کەمو کوورییەکانیش چارەسەر بکەین.

دوایە دوای تەواوبوونی وتارەکەی قادر وریا، نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکانی کورد لە نۆرویژ پەیامەکانی خۆیان بەو بۆنەیەوە پێشکێشی ئامادەبووانی ڕیوڕەسمەکە کرد.

ئەو حیزبو ڕێکخراوانە بریتی بوون لە:

پەیامی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ پێکهاتوو لە:- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان - پارتی سەربەخۆیی کوردستان بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسان - پارتی سەربەستی کوردستان- کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان- حیزبی دیموکراتی کوردستان - پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان - پەیامی کۆمەڵەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان - پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان کوردستان ئێران- پەیامی سازمانی خەباتی کوردستان ئێران- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان — پژاک- ئەنجومەنی گۆران- ڕێکخراوی کوردۆسابد — (چاک)- یاری کورد- کۆمیتەی کەمپینی یەکبوونی حیزبی دیموکرات - کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ- کۆمیتەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ.

هەروەها ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی خوارەوەش بە نارەزایی پەیام، پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی ٦٥ەمین ساڵوڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕیوە کە بریتین لە:- کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکوردستانییەکان لە نۆرویژ. - حیزبی شیوعی کوردستان- پارتی کرێکاران کوردستان- کەمپینی بە جیهانیی کردنی جینۆسایدە- پارتی سۆسیالیستی چەپی نۆرویژ - ڕێکخراوی ئیس ئۆ ئیس ڕاسیسمە.

دوایین بەشی ئەو ڕیوڕەسمە بۆ چەند بڕگەیەکی هونەری و هەڵپەرکێی تەرخان کرابوو.

سویس

یادی شەستوپێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزب بەرز ڕاگیرا

کومیتە ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری بێرنی وڵاتی‌سوئیس، ڕیوڕەسمێکی پڕ شکۆیان بۆ ڕێزگرتن لە ٦٥ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

ڕێورەسمەکە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٨ی ئاگوست بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لەکوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنەسیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی، بەسروودی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد وکوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای بەرنامەدا گروپی هەڵپەرکی یەکێتیی لاوانی دێموکرات بە نیشاندانی چەند گەڕ هەڵپەرکێی جوانی کوردەواری پێشوازیان لەو ڕۆژە پیرۆزە کرد و پاشان لە لایەن بەڕێز مەلاعەزیز ئەحمەدی بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە سویس بەخێر هاتنی میوانان وڵایەنە سیاسییەکانی کرد. دواتر کاک کاوە ئاهەنگەری ئەندامی جێگری کومیتەی ناوندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر مێژووی ٢٥ ی گەلاوێژ و هەروەها سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەر بەرژەوندیی نەتەوەیی گەلی کورد، پێویستیی یەکریزی و تەبایی و هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی و لە قاودانیسیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ سەرکوت وکوشتاری کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. پاش وتەکانی بەرێز کاوە ئاهەنگەری، نوێنەرانی ئەو حیزب و لایەنانەی خوارەوە بە بۆنەی شەست و پێنجەمین ساڵوڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد:

١. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢) .پارتی کرێکارانی کوردستان، p.k.k
٣) پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لەسوریە
٤) کۆمەڵەی سۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران
٥) سازمان خەباتی کوردستانی ئێران
٦) حیزبی شیوعی کوردستان
٧)ریکخراوی چاک، حاجی ئەنوەر
٨) کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٩)کانونی دێموکراتیکی پەنابەرانی ئێرانی
١٠) یەکێتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە درێژەی ڕیوڕەسمەکەدا کچە کوردی مێر منداڵ شەهین موحەممەدی بەدەنگی بەسۆزی شێعرێکی بەناوی «کوردم من» پێشکەش کرد. بەشی دووەمی ڕیوڕەسمەکە بە دەنگی خۆشی هونەرمەندان هێرش هەورامی و زیاد ڕەواندزی وێرای گروپی مۆسیقا تیکەڵ بە هەڵپەرکێی ڕازاوەی کچان و کوڕانی کورد بوو کە تاکات ژمێر ١١,٥ شەو درێژەی کێشا.

پێکهاتنی سمینارێک لە شاری لینشۆپینگ

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٠ ی خەرمانان لە سەر داوای کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ کۆبوونەوەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ هەر دوو هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێزان کاک حەسەن قادرزادە و کاک قادر وریا سازدرا. کۆبوونەوەکە بە خولوکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان کاک عوسمان سلێمانی، بەڕپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لینشۆپینگ وێڕای بە خێرهێنانی گەرمی بەشداران و هەردوو بەڕێزانی دەفتەری سیاسی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەی باس کرد، کە مەبەست لە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوەیە وێڕای دیدار نوێ کردنەوەی هاوڕێیان پێشکێشکردنی باسێکی سیاسی لە پێشهاتە سیاسییەکان و بارودۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا دا کاک حەسەن قادرزادە باسێکی هەمە لایەنەی لە سەر سیاسەتەکانی حیزب و هەڵوێستی حیزب لە پێشهات و ئاڵوگۆڕەکان باس کرد لە بەشێکی قسەکانیدا بەڕێزیان لە سەر هاوکاری و هاوخەباتی هێزەکانی کوردستانی ئێرانیەکان دووبارە هەڵوێستی حیزبی وەبیر ئامادەبووان هێنایەوە و دوبارە پێداگری لە سەر هاوکاری هەموو هێزەکان دووپات کردەوە. دوا بە دوای قسەکانی بەڕێز حەسەن قادرزادە دەرگا والا کرا بۆ پرسیار و دەربڕینی بیروڕای جۆراوجۆر کە لەم بەشەشدا هاوڕێیانی بەشدار چالاکانە بەشداریان کرد کە هەر دوو هاوڕێیان حەسەن و قادر وریا وەلامی پێویستی بەشدارانیان دایەوە.

درێژەی:

وەزیرە گاڵتەچییەکان

ئەم ڕۆژانە وەزیرەکانی ئەحمەدی نژاد قسە خۆشەکانی خۆیان زیاتر کردووە و لە درۆ کردن و قسەی خۆش کردن دا کورد وتەنی هەر دوو دەستی سەرۆکەکەیان لە پشتەوەڕا بەستووە. جیا لە موتەکی، هەر چەند ڕۆژی ڕابردوو کامرانی دانشجوو، وەزیری تەحقیقات و فەناوەری لە درێژەی قسەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی خۆیدا سەبارەت بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان، بابەتێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ڕووژاند. دانشجوو وتی: "ئێمە قسەی دڵی خەڵکی ئێران دەکەین و ئیسلامی کردنی دانشگاکان قسەی دڵی خەڵکی ئێرانە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی هەموو لایەک دڵنیا بن ئێمە بۆ بەرەو پێش بردنی باشتری پڕۆژەکەمان ڕیفراندۆم دەکەین و ڕای خەڵک دەپرسین. کامرانی دانشجوو دەیەوێ بەم جۆرە دووەمین ڕاپرسی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی دا بەڕێوە ببا. ئەم جەنابی وەزیرە بەر لەوەی کە ببێتە وەزیر، سەرۆکی ستادی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی کشوهر بوو و هەڵبژاردنە پاک و بێ غەل وغەشەکەی خولی دەیەمی سەرکۆماریش هەر ئەو بەڕێوەی برد. هەر بۆیە لە پاداشی ئەو کاردیدا ناوبراو پلەی بەرز بۆوە و بوو بە وەزیر. وادیارە ئەمجارەشیان ئاغای دانشجوو بە پۆستی وەزارەتیش قەناعەتی نیە و دەیەوێ بە بەڕێوە بردنی ڕیفراندۆمێک بەلام پاک و بێ غەل و غەشترا! لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، پۆستی گرینگتری لە کۆماری ئیسلامیدا دەست بکەوێ. لێرەدا وەبیر هێنانەوەی قسەیەکی ئاخوند حەسەنی ئیمام جومعەی ورمی کە نزیک بە ١١ ساڵ لەمەوبەر لە نوێژی جومعەدا کردی زۆر لە جێگەی خۆیەتی. حەسەنی سەبارەت بە تیرۆری سەعید حەجاریان لە لایەن سەعید عەسکەرەوە وتی: دەستخۆشی لەو جەوانە بەسیجییە دەکەم کە کاری عەکاسی دەکرد و پیشەکەی خۆی وەلانا و چوو ئەو حەجاریانە بێ دینەی تەنبێ کرد و ئێستاش هەقی خۆیەتی کە بە دوای ئەم کارەی کردیان بە فەرماندەیەکی حیزبوڵڵا. من پێشنیار بەو جەوانە دەکەم بچێ ماوەیەک فیلمبەرداری بکاو مەلعونێکی گەورەتر لە حەجەریان بکوژێ، ئەو کات بە دڵنیاییەوە پشتیوانی لێ دەکەین کە پۆستی فەرماندەی سپای پێ بدرێ.

«عەبدوڵڵا حەسەن زادە» لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کانال»دا:

مافی ئەوەم نییە ئەو نهێنییانەی کە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرای بکەم

دیمانە: مادح ئەحمەدی

بەشی یەکەم

ئاماژە: خوێندەرانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تەمەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبە کوردییەکان لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوەو لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە قسەی لە سەر بکەین. لە مێژووی ئەم حیزبەدا کۆمەڵێک پرسیار هەن، رەنگە تا ئێستا لای زۆر کەس جێ رەخنە بووبێتن و کەوتبێتە بەرباس، یان لە راستیدا پرسیاری زۆرێک لە ئێوەی ئازیز بێ. کورد کانال لە دیدارێکی تایبەتدا کۆمەڵێک پرسیاری کلیدی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات (لە دامەزرانییەوە تا ئێستا)لەگەڵ مامۆستا "عەبدوڵڵا حەسەن زادە" خستە بەرباس کە بە پێویستمان زانی لە "کوردستان"دا دەقی ئەو وتوێژە بڵاو بکەینەوە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێدایین کە لەم دیدارە تایبەتەدا چەند پرسیارێک لەسەر مێژووی حیزب بخەینە بەر باس. مامۆستا لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا جەنابت لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام لە رآسدا بووی و رۆڵی سەرەکیت هەبووە. لەم رووەوە بێگومان ئاگاداری زۆربەی نهێنییەکانی ئەم حیزبەی، بەڵام تا ئێستا شتێکی زۆر سەیرو سەمەرو نهێنی کە پێویست بێ باس بکرێ و خەڵک بزانێ باستان نەکردوە. هەر نهێنییەکیش ٣٠ ساڵ بە سەریدا تێپەڕی بە ڵگە مە ند ی (سە نە د یتی) خۆی لە دەست دەدا. رەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵێک کەس ئەو شتانە چەواشە بکەن. پێتوانیە باشتر وایە ئەگەر نهێنییەک لە گۆڕێدایە لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە جەنابتەوە باس بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ ناو نەوەکانی داهاتوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمنیش سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە، چونکە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ(ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) داین وبەتایبەتی ئەمساڵیش ساڵێکی یوبیلییە پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە، لە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی باست کرد لەبارەی مەسایلی نێو حیزبەوە و نهێنییەک کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دایە یا لە نێو بزووتنەوەی کوردا هەبێ، ئەمن پێموایە لە حیزبی سیاسییدا و یەک لەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نهێنی ئەوەندە زۆر نییە.

مادح ئەحمەدی: چۆن ئەوەندە زۆر نییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: چونکە ئەو بەرنامەیەکی نییە لە پشتی سەری خەڵکەوە بێ. حیزبی سیاسی هەر بەرنامەیەکی هەیە، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی بڵێ و تەبلیغی لەسەر بکاو حیزبی سیاسی لەوەدا سەر دەکەوێ کە بتوانێ شتەکانی بە خەڵکی بڵێ و خەڵکی لێ تیبگەیەنێ.

مادح ئەحمەدی: بەهەر حاڵ ئەم حیزبە خاوەن کۆمەڵێک پێوەندییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم لاو ئەولادا رەنگە هەندێ نهێنی بێتێتە پێش. ئەوەی لەسەرەتادا باست کرد لە دوو سێ لایەنەوە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەولەتان جیاوازی هەیە. یەکەم بۆ حیزبێکی سیاسی بە قەولی ئێرانییەکان منحلە (هەلوەشاوە) و نایاسایی لەگەڵ دەولەتان جیاوازی هەیە.

مادح ئەحمەدی: هەڵبەت لە ئێرانییەکان دا، تەنیا کۆماری ئیسلامی ئەوە (حزب منحلە) دەڵێ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نا. لە پیش کۆماری ئیسلامیشدا دەستەواژەی «منحلە»مان هەبووە. ئەگەر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبوبێ ئەوا بۆ حیزبەکانی دیکە هەبووە. بۆ وێنە بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی «حزب منحلە» بۆ حیزبی «تودە» لە زەمانی شادا بەکار دەبرا. ئەمە گرنگ نییە، بەڵام جیاوازی هەیە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەولەتان. لەگەڵت نیم کە لە دەولتانیش دا وا نییە کە هەر دەولتانێک پێداویستی خۆی لە کاتی خۆیدا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژەدا رەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەورۆ داناوە، سبەینێ پێمانوابووە دروستە نییە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

ئەمن تەنانەت ئەگەر خۆشم رووت بکەمەوە لە ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، وەکوو کەسێک خۆی بە دڵسۆزی بزووتنەوەی کورد دەزانێ، ئەوا بەمەوێ داوەری بکەم وا تێناگەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٥ ساڵ تیکۆشانی سیاسی خۆیدا هەڵەی ستراتیژیکی نەکردوە. هەندێک کەس هەن کە پێیانوایە یەکەم هەڵەی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە وەختی دامەزراو هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژ.ک» دروشمی «کوردستانی گەورە»ی گۆڕی بۆ «خودمختاری». ئەمن پێموایە ئەوە هەڵە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی لیکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی بووە. لە ئاکامی لیکدانەوەی ئەو پارامیترانەدا بووە کە بە دەروویەریەوە بوون (لە ناوخۆی ئێران، لە کوردستان، لە ناوچەکە و لە جیهان) واتە بەرچاوڕوونییەکی زیاتری هەبووە، بۆیە ئەوەی کردوە. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، مافی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کوردە. بە باوەری من هیچ گوناح نییە کە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی و یەکگەوتنەوەی ولاتەکەی بکا. بەڵام وەکوو دروشمی ستراتیژیکی بێتە گۆڕی هەتا ئێستاش واتیدەگەم دروشمی چارەسەر کردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو ولاتانەدا، دروشمێکە کە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە گونجاوترە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا جگە لەمانە، پێمانخۆشە ئاماژە بە هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبوولتانە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمن ئەوەم کردە پێشەکییەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی رەنگە کەمێک باری عاتیفی تیدا هەبێ. بە باوەری من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێن رێبەری حیزب کردوویەتی نەک تاک. ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی کە لە نێو حیزبدا گەلاڵە کرابوو رێبەری حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوڕی بە کۆماری ئیسلامی کردو ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتووێژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکامدا لە دەستدانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین رێبەری حیزبیمان و کەسی یەکمان تیدا لەدەستداوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشەندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە تیبە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکییە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نییە. هێلە ستراتیژییەکە باوڕە بە

درێژەی لاپەرە ٤

کە هەر نهێنییەک تەنیا ٣٠ ساڵ بەسەریدا تێپەڕی سەنەدیتی خۆی کەوەبدا. تیپەری سەنەدیتی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان (دەولەتان) ردەبەندی تایبەتی خۆیان هەیە. هێندێک نهێنیان هەتا ١٠٠ ساڵیش هەر ئاشکرا ناکەن. هێندێکیش کەمتر، تا دەگاتە ٣٠ ساڵ و رەنگە هەندی بابەتیش لە گۆڕیدا بێ کە زووتر لە ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵیش ئاشکرا بکرێ.

مادح ئەحمەدی: باشە هەندێ کەس یا هەندێ لە بەرپرسان (بۆ وێنە سەرۆک وەزیر، وەزیر، سەرۆکی حیزب یا هەندێ کەس کە بەرپرسایەتی جۆراوجۆریان هەیە) دوای بەرپرسایەتییەکەیان زۆربەی نهێنییەکان دەدرکێنن.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەڵێ. زۆر شتی خۆیان دەنووسن. مافی خۆیانە. بەڵام ئەوانیش مافی ئەوەیان نییە کە چوارچێوە گشتییەکە بشکێنن. ئەوانیش بێگومان ئەوە دەپارێزن.

مادح ئەحمەدی: بەڵام ئەوەی ئێمە تا ئێستا لە جەنابتمان لەسەر رابردوو و مێژووی حیزب بینیوە. هەر ئەو شتانەیە کە لە «نیو سەدە تێکۆشان»دا لەسەر رابردووی حیزب باست کردوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: من جاری دیکەش ئەو پرسیارەم لێ کراوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمن دەڵێم ئەوەی پێوەندی بە خۆمەوە هەیە و تەنیا کاریگەری هەر لەسەر خۆم بوایە رەنگە هیچ باکم نەبایە کە هەموو شتێک بڵێم، بەڵام بە مەرجێک تەنیا قازانج و زەرەرەکانی بەهاتبایەتەوە سەر خۆم. بەڵام کاتێ کە کاریگەرییەکانی هەندێ شت (کە لە کاتی خۆیدا بە نهێنی ماوەتەوە) دەکەوێتەوە سەر حیسابی نەتەوەی کوردو بزووتنەوەی کوردو بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندییە ناوچەیی و نیونەتەوەییەکانی دا، ئیدی ئەمن مافی ئەوەم نییە ئاشکرای بکەم. بەتایبەت ئەمن باوەڕم وایە تەنانەت لە پێوەندی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و و باوەری پێم بووە، ئەگەر رۆژێک دۆستایەتییەکەشمان تێک بچێ ئەمن مافی ئەوەم نییە ئەو نهێنییانە بدرکێنم.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا ئەوە جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی سیاسی.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمن بۆیە نهێنیم لە لا بووە، چونکە بەرپرسایەتیم هەبووە. ئێستا کە من لە سەدری بەرپرسایەتی دا نەماوم، مافی ئەوەم نییە کە ئەو نهێنیانەی کە لامە، بەبێ ئیزنی حیزبەکەی خۆم ئاشکرای بکەم. ئەو شتانەی کە ئەگەر نهێنی بوون و پارێزراون و دەبێ ئاشکرا بکرێن، پێموایە ئەو تەنیا لە چوارچێوەی دەسەلاتی ئۆرگانی رێبەریی حیزب دایە کە هەندێک لەو شتانە کە پێوایە ئێستا وەختی هاتووە بۆ خەڵکیان باس بکەی، باسیان بکا.

مادح ئەحمەدی: بەڵام مامۆستا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوشتانەی لەزمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە کە رۆڵت هەبووە لە مێژووی حیزبدا و لە شتەکان ئاگاداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگوازرێتەوە رەنگە کەسانێک پەیدا بن ئەو شتانە چەواشە بکەن.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر شتێک لای من هەبێ و لە ئەرشیفی حیزبدا نەبێ ئەوا حیزبەکە دەتوانێ لە من و کەسانێکی وەک من وەری بگرێ و لە ئەرشیفی حیزب دا بمێنی، بۆ ئەوەی حیزب لە وەختی خۆیدا بیڵێ. ئەوە بەو مانایە نییە کە پیاو زمانی گرێ بدا و هیچ شتێک باس نەکا. جاری وابووە ئەمن و کەسانی دیکەش شتی وامان باس کردوە کە بۆ یەکەمین جار باس کراوە، بەڵام لانیکەم بە لێکدانەوەی خۆمان پێمانوابووە کە ئەوەندە زیان ناگەیەنێ. بەو حاڵەش ئەمن دووبارە دەڵێم رەنگە شتی وا هەبێ ئەگەر لە منی بپرسن ئەمن مافی ئەوە بە خۆم نەدەم زیاتر لەوەی تا ئێستا وتووە بڵێم.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بچینە سەر تەوەری سەرەکی باسەکە کە کۆمەڵێک پرسیارە لەسەر مێژووی حیزب لە قۆناغە جیاوازەکان دا. ئەگەر بە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێ بکەین، بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی حیزب جەنابت پێتوایە زەقترین و دیارترین هەڵەی «حیزبی دیموکراتی کوردستان « (چ لەرووی تاکتیکییەوە و چ لە رووی ستراتیژییەوە) کامەیە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمن پێموایە ئەو پرسیارە هەم لە وەختێکی خراپدا و هەم لە کەسێکی نامناسب دەکرێ.

مادح ئەحمەدی: بۆ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە لایەک وەختێکی تەنگە. لە باسێکی نیو کاتژمێری یان ٤٠ خولەکیدا یان یەک کاتژمێردا رەنگە ئەو بابەتە لێک نەدرێتەوە. دووهەم ئەوەیە کە ئەمڕۆ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبە. وەک جارێکی دیکەش لە یادی لە سیدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»دا وتم: ئەمڕۆ کۆبوونەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، نە بۆ تەحلیل و لێکدانەوە. لە هەموی گرنگتر ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش نییە بۆ قەزاوەت کردن لەسەر ئەو بابەتە. ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە یەکەم سەرقاڵی لێکدانەوەو تەفسیرن و پاشانیش بێ لایەنن و ئەندامی حیزب نین و لە هەمانکاتیشدا دژی حیزبیش نین و مونسفانە قەزاوەت دەکەن. ئەویش نەک هەر لەم لاو لەولا بپرسن، ئەوانەی کە دیانهەوێ قەزاوەت بکەن دەبێ هەم لە کەسانی حیزب، هەم لە دۆستانی حیزب و تەنانەت هەم لە کەسانی دژی حیزبیش بپرسن. بۆ وێنە دۆستێک هەبوو تیزەکەی لەسەر دوکتور قاسملوو بوو. پێموایە دەشی ناسن (کاک هوشمەند عەلی) زۆر دەهاتە لای من، ئەمن زۆر جار داوام لێ دەکرد بچێتە لای ئەو کەسانەش کە پێموایە دوکتور قاسملوویان خۆش نەویستووە و دژی دوکتور قاسملوو بوون، لەوانیش بپرسی، چونکە ئەو دەیەوێ بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێ و نەهاتوو ببێتە دیارە هەڵەی هەبووە. رەنگە کاریکی کردبێ کە کاتی خۆیدا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژەدا رەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەورۆ داناوە، سبەینێ پێمانوابووە دروست نییە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

مادح ئەحمەدی: ببوورە قسەکەشم پێت بڕێ، ئێمە لەم کاتەدا کە دەمانەوێ هەندێ شت بوروژێنین و یان کۆمەڵێک شت بخەینە ڕوو، لە راستیدا دەمانەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە خوێندنەوە بۆ رابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک لە کاتی خۆیدا بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام ئەگەر وەکوو هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبوولتانە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمن ئەوەم کردە پێشەکییەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی رەنگە کەمێک باری عاتیفی تیدا هەبێ. بە باوەری من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێن رێبەری حیزب کردوویەتی نەک تاک. ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی کە لە نێو حیزبدا گەلاڵە کرابوو رێبەری حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوڕی بە کۆماری ئیسلامی کردو ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتووێژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکامدا لە دەستدانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین رێبەری حیزبیمان و کەسی یەکمان تیدا لەدەستداوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشەندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە تیبە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکییە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نییە. هێلە ستراتیژییەکە باوڕە بە

چارەسەر کردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باوڕی پێ هەبووە. بە باوڕی من ئەوەش لە جێی خۆیەتی و هیچ هەڵەی تێدا نییە. بەڵام ئەوە کە ئەو تێکنیکەمان بۆ وتوێژ هەڵبژارد ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە زۆر جار موخالیفانی حیزب یا بڵێین ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و ئاگایان لێ نییە ئەو تۆمەتە لە دوکتور قاسملوو دەدەن (بەنووسراو) کە گوایە دوکتور قاسملوو بێ پرسی هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان چووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتووە. ئەمن جاری دیکەش وتوومە و ئێستاش جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ جۆرێک وانییە. دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاگای لەو مەسەلەیە هەبووە.

ئەمن پێموایە هەڵەی گەورەتر لەوەش (دیسان تاکتیکی) ئەوە بوو کە مەرحوومی دوکتور سەعید، بەداخەوە توشی بوو ئەویش بۆیە گەورەتر بوو، چونکە پاش ئەو ئەزموونە کردی. بەڵام کە ناوی ئەو نایەم، لەبەر ئەوەیە یەکەم ئەو هەڵەیە هی دەفتەری سیاسی نەبوو، دەفتەری سیاسی هەر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. ئەو لەوێ دانیشتبوو، لەپاشان ئەو نەچوو بوو لەگەڵ دوژمن دابنیشێ. بە نییەتێکی خێرخوازانە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دانیشت کە تیرۆری لێکەوتەوە. دیارە لەوەشدا دیسان هەر هەڵەی دوکتور سەعید هەبوو. ئەمن دواتر زانیم پۆلیسی ئەڵمانیا داوای لێ کردبوو کە ئیسکورتی بۆ دابنێ، بەڵام بۆ خۆی قبوڵی نەکردبوو. ئەوە دیسانەوە هەڵەیەکی گەورەیە، کە لە دەستدانی گیانی لێ کەوتەوە. ئەویش گیانی کێ؟ شەخسی یەکەمی حیزب کەوابێ هەڵەی کوشندە، بەمانای تەواوی وشەیە.

مادح ئەحمەدی: ئەم هەڵەی کە ئێستا ئاماژەتان پێکرد، واتە ئەوەی کە لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەمووی دەفتەری سیاسی لەو قۆناغەدا هەڵەی کرد و لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا، دوکتور شەرەفکەندی خۆی هەڵەی کردوە. پێتوایە ئەمە لە مێژووی حیزبدا دووپات بێتەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: هیوادارم قەت دووپات نەبێتەوە. جارێک لەلایەن بەشی فارسی رادیۆ فەرانسەوە بۆ وتوێژێکی رادیۆیی بانگهێشت کرابووم. یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوەبوو کە لیبان پرسیم: دەبێنین پاسەوان و ئیسکورت یا گاردێکی زۆرت بە دەورەوەیە. بۆ وایە؟ ئەمن ئەو شێعرەی «رووەدکی»م هێناوە کە دەڵێ: «هەر کە نیاموزد از گذشت روزگار/ هیچ نیاموزد از هیچ آموزگار». وتم ئێمە دوو کەس لە رێبەرانمان لەو ڕێگایەوە لەدەست داون، کەوابێ نابێ ئەوە دووپات بێتەوە، بەتایبەتی نابێ ڕێگا بۆ سەرکەوتنی دوژمنی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش بکەین.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بێینە سەر پرسیارێکی دیکە. پاش رووخانی کۆمار بازنەی رێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەر تەسک دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بکەین، دەبینین لە کۆمەڵەی «ژ.ک» دا بازنەی بەرین بووە. بۆ وێنە: لە ناوچەکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و....) کۆمەڵەی «ژ.ک»بۆ کاروباری کرماشان، ئیلام و تەنانەت خوارەوەتریش، نوێنەری تایبەتی خۆی هەبووە. لە کۆماری کوردستانیشدا کەسێکی وەک «ئیبراهیم خان نادری» و کەسانێکی دیکە ڕۆڵیان هەبووە ئەگەرچی لەو کات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون، بەڵام ئینتمایەک هەبووە بەرانبەر بە کارکردن لەو ناوچانەدا. دواتر دەبینین (پاش رووخانی کۆمار) حیزبی دێموکرات بازنەی رێکخستنەکانی بەر تەسک دەکاتەوە و چالاکی و هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە سەر ناوچەی موکریان. ئایا پێتوانیە ئەمە هەڵەیەکە کە تائێستا کاریگەری بەسەر بزووتنەوەی کوردەوە دیارە و ناسیۆنالیزمی کوردی بەو جۆرەی لە موکریان بەهێزە لە ناوچەکانی خوارەوە بەهێز نییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمن شتەکە وانابینم. یەکەم پێم وانییە لەکاتی کۆمەڵەی «ژ.ک»دا رێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستاندا بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربەرینتر بووە تا سەردەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام هەندێک هۆی تایبەتی لە ئاراداان. لەو سێ ساڵەی پێش دامەزراندنی کۆماردا کە کۆمەڵەی «ژ.ک»ە خەباتێکی نهێنی لە ئارادایە. ئەو خەباتە لە سنە، مهاباد، کرماشان، ورمێ و ئیلام هەر نهێنییە. ئەو بەربەستە سەختە لە بەرانبەریدا نییە، بەڵام کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ بە تایبەتی کە نزیک بە پێنج مانگ دواتر کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەو جارە حەساسییەتەکە لە نێوان ئەو دوو ئۆردوگایەدا (سوسیالیستی و کاپیتالیستی) زیاتر دەبێ. هەتا سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دا بووە و لەوێوە بەرەوخوار لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا دایە. ئەو دووانەش حەساسییەتیان بە یەکتر هەبووە و کارەکە سەختتر بووە. «هێمن»ی ڕەحمەتی لە شێعرێکدا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێ کە براکانی باشوورمان وا دەڵێن. وتوێژێکی ساز کردوە لە نێوان شاعیر و نیشتماندا. لەوێدا هێمن بە شێوەیەکی هومێدوارانە دەڵێ کە نیگەران مەبەو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە غەمی ئەو بەشەی نیشتمانیشدا هەن و.... بەڵام ئەگەر چاو لێ بکەین دواتر بە هیچ جۆر وانییە. ئەو هەوڵ و تەقەلایە کە بۆ نفووز کردن لە بەشەکانی دیکە لەئارادایە، هەر بەردەوامە. بەداخەوە ئەگەر ئێستا بەهەردووکمان خەریک بین ڕەحمەتی «ئیبراهیم نادری» بکەینە دوو، پێمان ناکرێ. لەکاتی کۆماریشدا دیسان ئیبراهیم نادری لەو نیو کۆمارە دایە. بۆمان ناکرێ بە دوو، چوونکە تەنیا ئالقەیە و هەوڵێکە... بابەتەکە زۆر سرووشتییە. نەک هەر حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی «ژیکاف»یش کەم و زۆر بە کەلک وەرگرتن لەو فەزایە کە بە داگیر کردنی ئێران پێکهاتبوو دامەزراون(هەر دووکیان). دیارە زیاتریش لەبەر ئەوەی ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا بووە، بەڵام بە کردەوە هیچی تێدا نەبوو، بۆشاییەکی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دەرەتانی خۆ ئواندن و تێکۆشانی سیاسی زیاتر بووە. دەنا من زۆر جارم ئەوە وتووە، ئەگەر چاو لە ڕادەی وشیاری سیاسی و خوێندەواری و زانیاری بکەین، ئەو کات کرماشان و سنە (یا بە قەولی سنەییەکان بڵێین کورسان) زۆر لە پێش مەهابادەوە بوون. لەیاری ڕێژەی دانیشتوانیشەوە، مهاباد شارۆچکەیەک بوو لە چاو سنە، سنە شارێکی چووکە بووە لە چاوە کرماشان، بەڵام هەڵومەرجەکە لە مهاباد خوڵقاوە و ئەمەش مێژوو دەیخوڵقێنێ.

مادح ئەحمەدی: بە پێی ئەو وتانەی جەنابتان، کەواتە هەڵەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و ئەوە هەلومەرج دیاری کردوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: خودی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەرکەزییەتی مەهاباد، یان دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» (دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک) بە مەرکەزییەتی موکریان (دیارە بە واتا گشتییەکەی سابڵاغیش بەشێکە لە موکریان، چونکە موکریان بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێ دەکرێ، لە هەندێ جێگادا سەردەمانێک ورمێ پایتەختی موکریانە، لە هەندێ بەکار هێناندا موکریان تەنیا بە دەورووبەری بۆکان دەڵێن، لە باری زمانەوانییەوە خودی مەهابادیش وەبەر موکریان دەکەوێ) لەوێدا دەرفەت و دەرەتانێک هەیە کە لە بەشەکانی دیکەدا نییە، ئەوە تۆزێک بەد شانسە(شانس بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لە هەر شوێنێکی نیشتمان پێکبێ هەر باشە)، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆزێک بەد شانسی تیدایە کە لەو جێگا باشانەدا (لەو جێگایانەی کە دەتوانن کاریگەری زیاتریان هەبێ) پێک نەهاتووە. بریا ئەو دەرفەتەی لە مەهاباد پێکهات لە کرماشان ڕەخسابایە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا یەکێک لەو بابەتانەی کە هەندێ کەس زۆرجار باسی لێدەکەن و تەنانەت بۆتە جێی مشتوومڕ و ڕەخنە گرتن، مەسەلەی ئەوەیە کە پاش رووخانی کۆمار «پێشەوا» خۆی تەسلیم دەکا. هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەڵێن ئەمە لە ڕووی ترسنۆکییەوەیە کە پێشەوا خۆی تەسلیم دەکا و لەم ڕوانگەوە دەڵێن کە دەبا خۆی تەسلیم نەکردبا و هەڵهاتبایەو سەرۆکایەتی خەباتی دژی ڕژێمی پادشایەتی کردبایە. ڕای جەنابتان لەو پێوەندییەدا چیە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەم بارەوە ئەمە بەسەر دوو بەش دا دابەشی دەکەم. بەشێکیان ئەوەی گۆیا پێشەوا لەبەر ترس ئەوەی کردوە، ئەوە تۆمەتێکە نە بە چەسپی دوو قولوو (بە قەولی ئێستا) و نە بە دەرزی و درێشان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە نانووسی. قازی محەممەد هیچ گومانی لەوە دا نەبووە کە دەکوژرێ. هیچ گومانی نەبووە، توشی تەوەهوم نەهاتووە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئازایەتی بووە. وتوویەتی ئەمن خۆم بە دەستەوە دەدەم، بەو مەبەستەشی بوو ئەو بکوژرێ، بەڵام خەڵک نەکوژرێ. هەر لەو ساڵەدا لە ئازربایجان(بەقەولی سیاسیان دەستە خۆشکی کۆماری کوردستان) ڕوویدا. بە پێی هەندێ ئاماری نادەقیق لەوێ ١٠ تا ١٥هەزار کەس کوژران. بەڵام لە کۆماری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا لە سەرەتاوە تا ئاخر بە هەموویەوە لە ١٥ کەس تێنەپەڕی.

مادح ئەحمەدی: واتە پێشەوا لە کۆماردا پێشی بەو خوێن ڕشتنە گرتووە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوە ئاکامی ئەو ئازایەتییەی پێشەوا بووە. بەداخەوە یان بە خۆشییەوە تەواوی شاهیدەکان لەم بارەوە لەوانەن کە دوژمنمانن، چونکە ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە خەڵکی بێ لایەن بچێ یان لایەنگرانی کۆمار و پێشەوا بچن بۆ کوبوونەوەکانی دادگا. هەر کەسی خۆیان لەوێ بوون، بەڵام هەر ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن (هەموویان شاهیدی دەدەن) کە پێشەوا تا دواهەناسە بەرگری و داکۆکی لە ئامانجەکانی کردوە و هەموو بەرپرسیایەتییەکەی گرتوتە ئەستۆ و بەچ جۆرێک نەپاراوەتەوە. تەنانەت ئەوە بە ناوبانگە (حەتمەن یا خوێندووتانەتەوە یا بیستووتانە) لە شوێنێکدا جنێوێک بە کورد (دەڵێن کوردی...) دەدەن، پێشەوا لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستی و کورسییەکەی تاو دەدە کە لە لایەنی بەرانبەری بدا و دەڵێ من ئەوە لێرەم چی بە من دەڵێن، بیڵێن، لێرەم بۆ کوشتن، بەڵام ئێزنی ئەوە نادەم قسە بە نەتەوەکەم بگوترێ. کە وابێ بە تەاوەتی نادروووستە بڵێین لەبەر ترس بووە.

ئەگەر لەمن بپرسن (جارێکیش بەو بۆنەوە هێرشیشم کرایە سەر) بەڵێ پێم خراپ بوو کە پێشەوا بە پیری ئەرتەشی شاوە چوو و تەسلیمیان بوو، پێشەوا ئەگەر هەر قەرار بوو شەهید بێ پێم خۆش بوو لە چیا شەهید بوایە، نەک لە مەیدانی چوارچرا. بەڵام وەکوو دەڵێن قسەی من نییە. مێژوو ئەوەیە کە بووە، نەک ئەوەی کە ئارەزوو دەکرا. کەوابێ پێم باشتر بوو کە پێشەوا قەت تەسلیم نەبوایە، بەڵام تەسلیم بوونەکەشی قەت لەبەر ترس نەبوو. لە ئازایەتییەوە هاتووە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابەتێک لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێتەوە. مێژوو بە ئارەزووی کەسێک و دوو کەس نابێ بنووسرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا هەندێ بابەت هەن بۆ زۆر کەس جێی پرسیارن. پێتوایە جارێک دوکتور قاسملوو پێشنیاری ئەوە دەکا کە کۆنگرەی دوو لە مێژووی حیزبدا نەنووسرێتەوە. جەنابت ئەوە دەڵێی کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێت. بابەتێک کە لێرەدا جێی پرسیارە، مەسەلەی « ئەحمەد تۆفیق»ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر سکرتێری حیزب بووە، بەڵام لە مێژووی حیزبدا، باسێکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. لە حالێکدا بە پێچەوانەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی کەسایەتییەکی ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، بەڵام دەبینین نەتەنیا لە دەیەکانی رابردوودا لە ئێستاش دا هیچ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق نادرێتەوە. هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لەپێشدا دەمەوێ لەسەر سکرتێرییەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

مادح ئەحمەدی: چۆن؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: دوو کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قازی محەممەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیان وایە، بۆیە بە قازی محەممەد دەڵێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشەوا بوو قەتی پێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتە بە ڕێبەرانی حیزب لە جێگایکدا پێی دەڵێن»بەڕەرس» لە جی دیکە «سکرتێر» یان «لیدێر» و... دەڵێن. پێشەوا قەت پێ نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیشدا هەیئەتێک هەبوو کە پێیان دەگووت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەو مۆرەی کە هەیان بوو، لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو ڕۆڵ، ڕۆڵی سکرتێری گێراوە، بەڵام ئەو ناوەی(سکرتێر) پێی نەگوتراوە و دواتر بۆیان داناوە. ئەمن هاوچەرخی ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمە کارەی حیزب بوو، بەڵام قەتم ناوی وەکوو سکرتێری حیزب نەبیستووە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

مادح ئەحمەدی: باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەو بارەوە هیچ گومانم نییە، وایە. کە لە مێژووی حیزبدا بەو شێوەیە باسی لێ نەکراوە، هۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، لە بۆنەکان دا یادی ناکرێتەوە. نموونەی دیکەشمان لە حیزبەکانی دیکەشدا هەیە، بەڵام نامەوێ ئاماژە بە هێچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایەخ بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانەناوە. بەڵام ئەگەر یەکێک تەفسیر و لێکدانەوە دەکا، مێژوو دەنووسێتەوە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لە «ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو ڕۆڵەی کە گێراویە، لە هەڵەکانی، لە خاڵە باش و خراپەکانی بکۆڵێتەوە . هەر وەک بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و کەسانی دیکە کە شەهید بوون یان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتیان دەکۆڵێنەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هەق وایە باسی هەموو شتێک بکرێ. بەڵام ئێدی ناکرێ بڵێین کاتێ کە باسی ڕێبەرانی شەهیدمان دەکەین ئێمە بڵێین: قازی محەممەد، ئەحمەد تۆفیق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتی شەهید بووە (ئەمن لە قووڵایی ویژدانمەوە بە شەهیدی ناو دەبەم) نەتەنیا سکرتێر، ڕێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە. ئێستە ئەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەش ناکەم کە لەم پێواندییەدا دەخرێتە پال دوکتوور قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، من لەگەڵ ئەوانە نیم، بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتی دوکتوور قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتور قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسداریک بوو، جا چ بگا بەوەی لەگەڵ کۆژرانی یەکێک لە ڕێبەرانی حیزب بێ.



رۆڵی ئێران لە عێراق دا :

ئایا پێگەی ئێران لاواز بووە؟!

حسین ئەحمەد پوور

«ئێران بە هێزترین یاریکەری نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراقە «، رەنگە هەر کام لە ئێمە لە دوای رووخانی رژێم بەعسەوە، ئەم دیرەمان بە دەیان جار لە زمانی کارناسان و چاوەدێرانی کاروباری سیاسی عیراقەوە گوێ لێ بووبێت. ئێران بۆ لە عیراقدا بە هێزە، هۆکارەکانی روونن و لێرەدا زۆر پێویست ناکا باس لەم هۆکارانە بکەین. بەڵام ئەوەی مەبەستمانە هەڵسەنگاندنی قورسایی ئێستای ئێرانە لە عێراق دا، کە هەندێک کەس پێیان وایە ئێران ئەو قورساییەی جارانی نەماوە. ئەم بابەتەش لە نیومیدیاکاندا بە دوای لیدوانەکەی «جۆبایدێن» جێگری سەر کۆماری ئەمریکا وروژا. بایدێن کە لە سەروبەندی بەراتای خۆیان «کۆتایی هاتن بەشەڕی عیراق دا» رایگەیاند: رۆڵی ئێران لە عیراق دا زۆر لەوە کەمترە کە باسی لێ دەکرێ. زۆر کەس بێ یەک و دوور وایان لێکدایەوە، کە بایدێن ئەو قسەیەی بۆ رەواندنەوەی نیگەرانی ئەو خەلکەی کردوە کە لە ئاکامی سیاسەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و راگەیاندنی کۆتایی شەڕی عیراق نیگەرانن و پێیان وایە ئەوکات دەرەتانی ئێران بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی عیراق زیاتر دەبێ. با لە پێش دا ئاماژە بە چەند نمونە لە دواییین هەڵوێستی لایەنەکانی عیراق بکەین:

- ئەمریکای دڵنیا کردۆتەوە کە ئەگەر ئەو وڵاتە پشتیوانی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوکایەتی وەزیران لێ بکا، ئەوا پێش بە زیادەڕۆییەکانی ئێران لە عیراقدا دەگرێ. «رادیۆنەوا»

ـ لیستی ئەلعێراقییە لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆی عیراق نیگەرانە و رایگەیاند نابێ چیتر ریگە بدەین ئێران لەم سیاسەتەیدا بەردەوام بێ. (بی.بی.سی)

- عەلاوی: لە ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی نیگەرانین، ناتوانین وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی لە دراوسێیەتی خۆمان دا قبول بکەین. (بی.بی.سی)

ـ موقتەدا سەدر داواکارییەکانی ئێرانی لەمەڕ پێکهێنانی حکومەت ردەکردەوە «پیک ایران»

- عیزەت شابەندەر لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاسا: ئێران ئێستا لە عێراق دا لاواز بووە.

ئەم چەند نمونەیەو کۆمەڵێک هەڵوێستی دیکەی کاربەدەستانی عێراقی لە ماوەی چەند حەفتەو مانگی رابردوودا، چەشنێک لە لاواز بوونی ئێران و نیگەرانی عیراقییەکانی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام لەلێکدانەوەی سیاسی دا ناگرێ تەنیا لە سەر چەند هەڵوێستیک بڕیار بدەین و راستی و نادروستی دیاردەیەک بسەلمێنین. بەڵام ئەو شێوە هەڵوێست گرتنانە کە لە رابردوودا کەمتر وەبەر چاو دەکەوتن، پرسیار دەخولقێنن و دەکرێ نیشانە یان سەرەتای وەرسووڕانێکی سیاسی بێ. «نیشانە» یان «سەرەتا» بەو واتایەی کە لاواز بوون یان بە هێز بوون پرۆسەیەکی دریژخایەنە و لە ماوەیەکی کورت دا روونادا. لەمەڕ رۆڵی ئێران لە عیراقدا، هەروەک چۆن هۆکارەکانی بەهێز بوونی کۆماری ئیسلامی لە عیراقدا بەرهەمی کاری درێژ خایەنە، مەنتقی نیە کە بڵێین لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ئێران لە عێراق دا بە تەواوی لاواز بووە بەڵام دەکرێ بڵێین وەرسووڕانێک هاتوتە ئاراوە وپێگەی ئێران دەوری لاوازی هەڵگرتووە هەر بۆیە لیرەدا پێویستە بە کورتی ئاماژە بە چەند هۆکارێکی سەرەکی بکەین.

یەکەم: ئێران پێشتر بە کەڵک وەرگرتن لە فاکتوری مەزهەبی، هەم پشتیوانی لە گرووپە سیاسییە شیعەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عیراق دەکرد و هەستی نەتەوەیی و بە بەشداری لە شێوازە نوێیەکانی خەبات و خۆراگری لە بەرامبەر ئیستیداد و دیکتاتوری دا، ئەم نەتەوە لە گەورە بوو بۆ کورد و نیشتمانەکەی، بەڵام خۆراگری ئەم خەلکە و بە تایبەت رۆڵە پێشمەرگەکانیان لە مەیدانی شەڕ و بەرپەرچدانەوەی پەلامارە درندانەکانیان، بۆ دیفاع لە ماف و مەوجوودییەتی ئەم نەتەوە بەش خراوە، لاپەڕەیەکی زێرینی دیکە لە مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەی کورد نەخشاند.

ئەم خۆراگرییە و تێک شکاندنی سیاسەتی شەڕخوازانەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا مەبەستیان لەنێو بردنی هەستی ئازادیخوازانە و نەتەوەپەرستی کوردان و دەستەمۆ کردنی ئەو خەلکە بوو لە پێناو سەپاندنی بیرو راکانی خۆیان لە رێگەی سەپاندنی زۆرەملی دەسەلاتکەیان، نەتەنیا بووە هۆی ئەوەی خەلکی کوردستان لەم تاقیکردنەوە دا سەربەرزانە بێتەدەر، بەڵکوو ئەزموونێکی نوێ بخاتە بەردەم جیلەکانی داهاتووی و بە بەرز کردنەوەی هوشیاری و تاراداەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوو بە چەشنێک کە دەوترا لە دابەش کردنی پۆستەکان لە بەغدا و چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەت تاراداەیەکی زۆر رۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبینی، بەڵام لەم هەڵبژاردنەی دوایی دا سەرەرای تەرخانکردنی ١٠٠میلیون دۆلار لە ماوەیەکی کورت دا رووناداا. لەمەڕ رۆڵی ئێران لە عیراقدا، هەروەک چۆن هۆکارەکانی بەهێز بوونی کۆماری ئیسلامی لە عیراقدا بەرهەمی کاری درێژ خایەنە، مەنتقی نیە کە بڵێین لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ئێران لە عێراق دا بە تەواوی دا شکستی خواردوە. ئێران کە دەوترێ نفووزی تەواوی لە نێو گرووپە شیعەکاندا هەیە، بۆ رازی کردنی لایەنەکانی شیعە ناچار بووە پەنا بباتە بەر جەلال تالەبانی سەرکۆماری ئێراق. بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستا ئەمریکا هەوڵ بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی بە بەشدار بوونی هەموو لایەنەکان دەدا و لایەنەعیراقییەکان سەرەڕای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئێستا لە هەوڵی جێبەجی کردنی پێشنیارەکانی ئەمریکادان. ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی پێی وابوو زەمانێک هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکشێنەوە، ئەوا ئەوکاتە عیراق دەبێتە مەیدانی رمبازینی ئەوان.

دووەم: ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە هێزە رادیکال و تیرۆریستەکانی عیراق دەکرد و چەک وتەقەمەنی بۆ دابین دەکردن. بەڵام ئێستا بەرەوی هێزە رادیکال و توندرەوەکان لە نێو عیراق بووجە بۆ سەرخستنی لیستی ئیتلافی نیشتمانی، ئەو لیستەیە بەو رادەیەی کە چاوەڕوان دەکرا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. دواتر ئێران هەوڵی دەدا لە نێو لیستە براوەکاندا هاپەیمانییەک بەدژی لیستی العراقیە دروست بکا، بەڵام هیچ کام لە لیستەکان وەلامی چاوەڕوانییەکانی ئێرانیان نەدایەوە و لە هەمووی ئەو ماوەیە دا ئێران لە هەوڵەکانی رووروودا شکستی خواردوە. ئەم لیستە سەرکەوتوو بوو بە چەشنێک کە دەوترا لە دابەش کردنی پۆستەکان لە بەغدا و چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەت تاراداەیەکی زۆر رۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبینی، بەڵام لەم هەڵبژاردنەی دوایی دا سەرەرای تەرخانکردنی ١٠٠میلیون دۆلار ئێران لە لایەک ئەوەندەی دەرفەت بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێشتوتەوە کە وەک جاران بپرژێنە سەر مەسەلەی عیراق و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کێشە نێو خۆییانە وەک سەرکوتی خەلک و کێشەی نێوان مەرجەعەکانی شیعە کاریگەری لەسەر رای گشتی لە عیراق داناوە و چی دیکە شیعەکانی عیراق لەو ئاستە بەربڵاوەی جاران دا، کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو مودیلی حکوومەتێکی سەرکەوتوو و دلخواز چاو لێ ناکەن.

چوارەم: سیاسەتی سەرکەوتوویی وڵاتانی ئیسلامی دیکەی وەک تورکیە و عەرەبستان لە عیراق بەشێک لە سەرنجی خەلک و سیاسیەکانی عیراقی بۆ لای ئەو وڵاتانە راکێشراوە. بۆ نمونە ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عیراق هەروەک ئێران سەردانی ئەو وڵاتانە دەکەن تەنانەت لەم نێوانەدا سەردانی کەسێکی وەک موقتەدا سەدر کە بە مۆرەیەکی دەسپەروەردەی ئێران ناسراوە بۆ تورکیە جێگەی سەرنج و تێرامانە.

پێنجەم: ئەمریکا کە بە پێی بەڵێنی باراک ئۆباما و هەروەها لە چوارچێوەی پەیماننامەی ئەمنییەتی نێوان دوو وڵات، لە مێژە پلانی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عیراق کێشاوە و لە ماوەی رابردوودا هەوڵێکی زۆری لەگەڵ لایەنە عیراقییەکان داوە تا لە ئێران بە رادەی پێویست دوور بکەوێنەوە. جیا لەوە شتێکی سرووشتییە کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا هەروا بە ئاسانی عیراق ناخاتە بەردەستی ئێرانەوە. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەتوانێ تا رادەیەک واتای ئەوە بدا کە ئەو وڵاتە بەو رادەیە لە دڵنیایی گەیشتووە کە زۆر لە نفووزی ئێران و مەترسییەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر عیراق نەترسێ.

بۆیە بە پێی ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دەوری لاوازی ئێران لە عیراق دەستی پێکردووە و ئەو هەڵویست و لیدوانانەی بەرپرسانی عیراقی و ئەمریکایی تەنیا دروشمێکی رووت نیە. ئێران لە لایەک ئەوەندەی دەرفەت بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێشتوتەوە کە وەک جاران بپرژێنە سەر مەسەلەی عیراق و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کێشە نێو خۆییانە وەک سەرکوتی خەلک و کێشەی نێوان مەرجەعەکانی شیعە کاریگەری لەسەر رای گشتی لە عیراق داناوە و چی دیکە شیعەکانی عیراق لەو ئاستە بەربڵاوەی جاران دا، کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو مودیلی حکوومەتێکی سەرکەوتوو و دلخواز چاو لێ ناکەن.

چوارەم: سیاسەتی سەرکەوتوویی وڵاتانی ئیسلامی دیکەی وەک تورکیە و عەرەبستان لە عیراق بەشێک لە سەرنجی خەلک و سیاسیەکانی عیراقی بۆ لای ئەو وڵاتانە راکێشراوە. بۆ نمونە ئێستا لایەنە سیاسییەکانی عیراق هەروەک ئێران سەردانی ئەو وڵاتانە دەکەن تەنانەت لەم نێوانەدا سەردانی کەسێکی وەک موقتەدا سەدر کە بە مۆرەیەکی دەسپەروەردەی ئێران ناسراوە بۆ تورکیە جێگەی سەرنج و تێرامانە.

پێنجەم: ئەمریکا کە بە پێی بەڵێنی باراک ئۆباما و هەروەها لە چوارچێوەی پەیماننامەی ئەمنییەتی نێوان دوو وڵات، لە مێژە پلانی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عیراق کێشاوە و لە ماوەی رابردوودا هەوڵێکی زۆری لەگەڵ لایەنە عیراقییەکان داوە تا لە ئێران بە رادەی پێویست دوور بکەوێنەوە. جیا لەوە شتێکی سرووشتییە کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا هەروا بە ئاسانی عیراق ناخاتە بەردەستی ئێرانەوە. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەتوانێ تا رادەیەک واتای ئەوە بدا کە ئەو وڵاتە بەو رادەیە لە دڵنیایی گەیشتووە کە زۆر لە نفووزی ئێران و مەترسییەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر عیراق نەترسێ.

بۆیە بە پێی ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دەوری لاوازی ئێران لە عیراق دەستی پێکردووە و ئەو هەڵویست و لیدوانانەی بەرپرسانی عیراقی و ئەمریکایی تەنیا دروشمێکی رووت نیە.

٣١ساڵ پاش شەری کوردستان

کەمال

٣١ ساڵ بەسەر ئەو رۆژانە دا تێدەپەڕێ کە بە دوای فتوا شوومەکەی خومەینی بەڕەسمی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر خەڵکی مافخوازی کوردستاندا سەپا. هەرچەند هەر لە یەکەم حەوتووکانی پاش رووخانی رێژیمی شا و هاتنە مەیدانی دەسەڵاتخوازە ئایینییەکان بەرهەمی شورشی ئیسلامی، جار جار و هەر جارەی لە شارێکی کوردستان شەڕ ساز دەکرا و شارەکان دەکەوتنە بەر رەهێڵەی توپ و خۆمپارە، بەڵام دواییین رۆژەکانی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ و بەدوای داوای خومەینی لە هێزە زەمینی و هەوایی و تەنانەت دەریاییش بوو بە قەولی ئەو سەرکوتی فیتنەی کوفار. پاش ماوەیەک ئەرتەشی قین لە دڵی شا و موریدانی کوێر و کەڕی ئیمام لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو توانایانەوە هێرشی بەر بڵاوی خۆیان بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان لە شیمالەوە هەتا خوارترین شوێنەکانی کوردستان دەست پێ کرد.

رووداوەکانی ئەم شەڕە داسەپاوە هەر چۆنێک بووبێ، ئەگەر لە باری وێرانکارییەکانی لە کوردستان و گیان ئەستاندنی هەزاران کەس لە ژن و پیاو و گەورە و بچوکی ئەم وڵاتە زیانێکی گەورە بوو بۆ کورد و نیشتمانەکەی، بەڵام خۆراگری ئەم خەلکە و بە تایبەت رۆڵە پێشمەرگەکانیان لە مەیدانی شەڕ و بەرپەرچدانەوەی پەلامارە درندانەکانیان، بۆ دیفاع لە ماف و مەوجوودییەتی ئەم نەتەوە بەش خراوە، لاپەڕەیەکی زێرینی دیکە لە مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەی کورد نەخشاند.

ئەم خۆراگرییە و تێک شکاندنی سیاسەتی شەڕخوازانەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا مەبەستیان لەنێو بردنی هەستی ئازادیخوازانە و نەتەوەپەرستی کوردان و دەستەمۆ کردنی ئەو خەلکە بوو لە پێناو سەپاندنی بیرو راکانی خۆیان لە رێگەی سەپاندنی زۆرەملی دەسەلاتکەیان، نەتەنیا بووە هۆی ئەوەی خەلکی کوردستان لەم تاقیکردنەوە دا سەربەرزانە بێتەدەر، بەڵکوو ئەزموونێکی نوێ بخاتە بەردەم جیلەکانی داهاتووی و بە بەرز کردنەوەی هوشیاری و هەستی نەتەوەیی و بە بەشداری لە شێوازە نوێیەکانی خەبات و خۆراگری لە بەرامبەر ئیستیداد و دیکتاتوری دا، ئەم نەتەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، نەتەنیا ئاکامێکی دڵخوازی بۆ ئەوان نەبووە. بەڵکوو توانای خۆراگری و بەهێز بوون و جیدی بوونی لە خەبات لە نێو باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بکاتە نموونە.

ئەزموونی خۆراگری خەڵکی کوردستان لەم سالانەی دوایی دا دەریخست کە سیاسەتی سەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا بردنی ئەرکە نەتەوەییەکان چوتەسەر، رژێمی شەڕفرۆش و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی توانا کانی لەدەست داوە و لە هەرەس هێنانی یەکجارەکی ئەم سیاسەتانەی نزیک بۆتەوە.

لە کوردستانیش لە پاش ٣١ ساڵ سەپاندنی شەڕی هەمە لایەنەی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا. بە هۆی ئەم سیاسەتە سەرەڕۆیانەوە کە، ئەمڕۆ دەبینین لەم جیهانە پان و بەرینە دا جگە لە چەند وڵاتی پاشکەوتووی وەک کوریەی باکوور و ڤینیزوئیلا نەبێ، تاکە دەوڵەتێک ئامادە نیە ناوی لە رێزی دۆستانی ئێراندا بێ. لە نێوخۆی وڵاتیش دا قەیرانەکانی ئەم دواییانە کە خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران نمونەیەکیەتی، بەرووی ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەگەر سەردەمانێک بە فتوایەکی خومەینی شەپۆل شەپۆل پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بردۆتە سەر و ئەوەندەی کە تواناکانی خەڵکی کوردستان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە پێناو پاراستن و بەرەوپێش لاو و پیری گوێ لەمست بۆ بەرەکانی شەڕ ڕەوانە دەکران، ئێستا هەر ئەو خەڵکە و بە تایبەت لاوانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی جیلی نوێی ئەم وڵاتە، داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم رژێمە و داریژەرانی ئەو سیاسەتە دا دەبینن کە لە ماوەی ٣ دەیە دا جگە لە شەڕ و ماڵوێرانەکەی، ئیعتیاد و فەحشا، بێکاری و گرانی شتێکی دیکەیان بۆ وڵاتەکەیان نەبووە، بێ گومان خۆراگری گەلانی ئێران و بە تایبەتی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لە دژی دیکتاتۆری و ئیستبدادی کۆماری ئیسلامی لە ناساندن و لەقاودانی ئەم رژێمە و سیاسەتەکانی بە ئەنجامی باش گەیشتووە کە ئەمڕۆ لە هەموو گۆشەیەکی ئەم وڵاتە خەبات بۆ رووخانی یەکجاری رژێم بەردەوامە. جیلەکانی ئێستای وڵات، لەگەڵ رێزدانان بۆ خەباتگێری و فیداکارییەکانی خەڵکی خۆراگری کوردستان، پێداگرن لەسەر درێژەی خەبات لە پێناو رووخانی رژێمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی خەڵکی کوردستان.

یەکگرتووی خوازیی ڕێبەر و شەپۆلێک خوێندنەوەی جیاواز

حەسەن شێخانی

قسەکانی ئەم دواییانەی ئایەتوڵڵا خامنەیی لەمەڕ ئاشتەوایی و «جذب حداکثری» و «دفع حداقلی»، شیکردنەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا و مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە. هەرکام لە باڵەکان و لایەنەکانی نێو دەسەلات وەدەرەوەی دەسەلات لە ڕوانگەی خوێنانەوە ئەم قسانەیان لێک دایەوە. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ چوار ڕوانگە و خوێندنەوەی سەرەکی لەم بارەوە بخرێتە ڕوو.

١)بەشێکی بەرچاو لە بناژۆخوازەکان (بناژۆخوازە سوننەتییەکان) بە نییەتێکی باشەوە مامەڵەیان لەگەڵ قسەکانی خامنەیی کرد و لەسەر پراکتیزەکردنی بانگەوازی ڕێبەر پێداگرییان کرد. لە ڕوانگەی ئەوانەوە بازنەی یەکگرتوویی خوازیی ڕێبەر تەنیا بناژۆخوازەکان ناگرێتەوە بەڵکوو ئەو بەشە لە ڕیفۆرمخوازانیش کە باوەڕیان بە بنەما و پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیستم هەیە لە خۆ دەگرێ.

لانیکەم بەشێک لە بناژۆخوازە سوننەتییەکان پێیان وایە کە ناتوانرێ ڕیفۆرم خوازەکان بسرێتەوە و وەلا بنرێن. چونکە باڵی ڕیفۆرم خواز خاوەن قوولاییەکی جەماوەرین و لە نێو بەشێک لە کۆمەڵگەدا نفوزیان هەیە.

بناژۆخوازە سوننەتییەکان بانگەوازی ئاشتەوایی ڕێبەریان وەک درفەتێک بۆ دووبارە ڕەخنەگرتن لە باندی نیزامی- ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد قوستەوە و توندڕەوییەکانی ئەوانیان لە هەل و مەرجێکدا کە مەترسیی هێرشی دەرەکی لەئارادایە، بەزیانی سیستم وەسف کرد. بە لێوردبوونەوە لە قسەکانی خامنەیی بۆمان دەردەکەوێ کە قسەکانی خامنەییش بە شێوەیەکی ئاماژەگەڕانە ڕەخنە لە توندڕەوییەکانی ئەوان دەگرێ و ئەم توندڕەوییانە بە قازانجی سیستم نازانێ. ئەم قسانەی خامنەیی وەک هەوڵێکی تازە بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە بناژۆخوازە سوننەتییەکان وبەدەست هێنانی ڕەزامەندیی ئەوان و، لەلایەکی دیکەش وەک هۆشداریک بۆ ئەحمەدی نژاد و دارو دەستەکەی لێکدەدرێتەوە کە ئەگەر ئەحمەدی نژاد و لایەنگرانی بیانەوێ دڕێژە بە توندڕەوییەکانی خۆیان بدەن و لە دەرەوەی خواستەکانی ڕێبەر هەڵسوکەوت بکەن ئەوە خامنەیی پشتیوانییەکانی خۆی لەوان کوتایی پێدێنی و لەلایەکی دیکەش بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئەوان لە کەسایەتی و لایەنەکانی دیکە نزیک دەبێتەوە. پێدەچێ تا هەنووکە ئەحمەدی نژاد ئەم پەیامانەی خامنەیی بەهەند وەرنەگرتبێ. چونکە سەرەڕای ئەو ڕەخنە زۆرانەی لەم دواییانەدا ئاراستەی ڕەحیم مەشایی کران، ئەحمەدی نژاد ناوبراو وەک نوێنەری تایبەتی خۆی لە ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست دیاری دەکا. بەم پێیە دوور نییە لەداهاتوودا شاهیدی قوولبوونەوەی کێشەکانی نێوان بناژۆخوازە سوننەتییەکان لەلایەک و ئەحمەدی نژاد و دارودەستەکەی لە لایەکی دیکە بین.

٢)باندی نیزامی- ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد شێکردنەوەیەکی دیکە لە قسەکانی خامنەیی دەخەنە ڕوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە بازنەی یەکگرتوویی خوازیی ڕێبەر، ڕیفۆرم خوازەکان یا بە وتەی ئەوان ڕێبەران و لایەنگرانی فیتنە ناگرێتەوە. بەشێک لە ئاخوندەکانی نزیک لەم باندەش پێیان وابوو کە مەبەستی ڕێبەر لە یەکگرتن و ئاشتەوایی، تەنیا یەکگرتوویی و ئاشتەوایی نێوان بناژۆخوازەکانە.

بانگەوازی ڕێبەر بۆ ئاشتەوایی لەلایەن باندی نیزامی- ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژادەوە بە «فال نیک» وەرنەگیرا. لەلایەک ئەم بانگەوازە بوو بەهۆی سەرهەڵدانەوە و بەهێز بوونی هەڵوێست گەلی میانەڕەوتر و لە لایەکی دیکەش لەبەر ئەوەی کە ئەم باندە خوازیاری چوونە سەری ئاستی کێشەکان و سڕینەوە و وەلانانی بەتەواوی ڕیفۆرم خوازەکان و تەنانەت وەلانانی بەشێک لە ئاخوندە سوننەتییەکانیشن، ئەم جۆرە قسانە لە ڕاستای ئامانجەکانی خۆیاندا نابینن و وەک کۆسپ و فاکتەرێکی بەرتەسک کەڕەوە لە بەردەم خۆیاندا دەبینن.

٣)ڕیفۆرم خوازانی دەرکراو لەدەسەلات، تەیفێکی جۆراوجۆر پێک دێنن. میانەڕەوەکانی ئەم لایەنە(ئیسلاح خوازانی حکومەتی)ش بە نییەتێکی باشەوە لەگەڵ بانگەوازی ئاشتەوایی خامنەیی مامەڵەیان کرد و لەسەر کەم کردنەوەی ئاستی کێشەکان و ڕۆڵی خامنەیی لە کۆنترۆلکردنی ناکۆکییەکان و بەدیهێنانی یەکگرتوویی و ئاشتەوایی پێداگرییان کرد. ئیسلاح خوازەکانیش وەک بەشێک لە بناژۆ خوازەکان (هەڵبەت بە ڕاشکاوییەکی زیاتر) باندی نیزامی- ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد وەک فاکتەرێ تێکدەری یەکگرتوویی و هۆکاری پشێوی و ئاڵۆزیی سیستم و کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدەن و خوازیاری ئەوەن هەموو لایەنەکان بە یەکگرتوویەوە ڕێگە لە کردەوە تێکدەرەکانی ئەم بانده لادەرە بگرن.

بەشێک لە ڕیفۆرم خوازەکان بانگەوازی ئاشتەوایی ڕێبەر وەک نیشانەیەک بۆ خۆڕاگری و بەهێز بوونی بزووتنەوەی سەوز لێکدەدەنەوە. بە بۆچوونی ئەوان چونکە نەیانتوانی بە ئامرازی سەرکوت کوتایی بە بزووتنەوەی سەوز بێنن ئێستا ناچار بوون بە شێوەیەک لە شێوەکان باس لە یەکگرتوویی و ئاشتەوایی بکەن.

بەشێک لە قسەکانی خامنەیی مامەڵە دەکەن و لە هەمان کاتدا کە بانگەوازی ئاشتەوایی ڕێبەر وەک نیشانەیەکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دەدەن بەلام پێیان وایە کە ئاشتەوایی و یەکگرتن بە وتوێژدا تێپەڕ دەبێ و مەرجەکانی وتوێژێکی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە لایەنەکان دان بە یەکتر دابنێن و لە هەڵوێستێکی یەکسانەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت بکەن. لەم ڕاستایەدا بەشێک لە قسەکانی خامنەیی کە لە هەڵوێستێکی سەرەوەتر باس لە یەکگرتن دەکا و دەڵێ (دەبێ ئەو کەسانەی بە هۆی هەڵە کردن یان لاوازیی ئیمانەوە لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە و لە بازنەی سیستم چوونە دەرێ، بیانگەڕێنێنەوە بۆنێو چوارچێوەی سیستم)، دەبەنە ژێر ڕەخنە و پرسیار و پێیان وایە ئەم چەشنە بانگەوازانە پرەنسیپەکانی وتوێژێکی ڕاستەقینە ڕەد دەکەنەوە و بەم هۆیەش درێنجامێکی ئەوتویان لێ ناکەوێتەوە.

٤)ئەو بەشە لە بزووتنەوەی گوڕانخوازانەی ئێران کە بە سێکولارەکانی خوازیاری هولوەشانەوەی سیستمی هەنووکەیی ئێران بەنیوبانگن، خوازیاری چوونە سەری ئاستی کێشەکان لەگەڵ بناژۆخوازەکانن. تەنانەت هێندێکیان باس لەوە دەکەن کە موسەوی دەبێ بازنەی ڕەخنەکانی خۆی بۆ خومەینیش پەرە پێ بدا و نابێ ناکۆکییەکانی موسەوی لەگەڵ بناژۆخوازەکان لە چوارچێوەی جیاوازیی تێکەیشتن و خوێندنەوە لە ئاخافتن و وتەکانی خومەینی دا قەتیس بمێنێ. ئەم بەشە خوازیاری هەرچی زیاتر قوڵبوونەوەی کێشەکان و هەنگاونان بە ئاراستەی بردنە ژێر پرسیاری تەواوییەتی سیستمن. بۆیە هەر چەشنە بانگەوازێک بۆ ئاشتەوایی لە ڕاستای ئامانجەکانی خۆیان نابینن و بە بەبینی تەواوەوە ئەم چەشنە بانگەوازانە لێکدەدەنەوە. لە ڕوانگەی ئەمانەوە بانگەوازی خامنەیی تاکتیکێکە بۆ ناردنی ئەو سیگنالە بە دنیای دەرەوە کە لە حاڵەتی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، لایەنە سیاسییەکانی ئێران بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بەگرتووانە پاریزگاری لە سیستمی هەنووکەیی ئێران دەکەن. لە لایەکی دیکەش ئەم بانگەوازە هەڵێکە بۆ دروست کردنی «توهم» لە نێو بەشێک لە ڕیفۆرم خوازەکان و بەم پێیەش تێکدانی یەکگرتوویی بزووتنەوەی سەوز.

سێکولارەکانی خوازیاری هەڵوەشانەوەی سیستمی هەنووکەیی پێیان وایەبەرقەرار بوونی دیموکراسی بە دەستکاریەکی بنەڕەتیی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا تێپەڕ دەبێ و هەر چەشنە هەوڵێک بۆ لێک نزیکبوونەوە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی هەنووکەییدا بە زیانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانە تەواو دەبێ.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئاشتەوایی تەنانەت لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی هەیە؟

بە سەرنجدان بە شێکردنەوەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەم هۆیانەی خوارەوە ئیمکانی پراکتیزە بوونی بانگەوازی ئاشتەوایی ڕێبەر لە هەل و مەرجی هەنووکەیی ئێراندا لاوازە.

١)بانگەوازی ڕێبەر بانگەوازێکی موبهەم و ناڕوونە. لەم بانگەوازەدا بە ڕوونی دیاری نەکراوە کە مەبەستی ناوبراو، ئاشتەوایی میللیە یا ئاشتەوایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا؟ ئەگەر مەبەست لایەنە سیاسییەکانە، چ لایەنگەلێک دەگرێتەوە؟

٢)باندی دەسەلاتداری نیزامی- ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد دژی هەر چەشنە یەکگرتن و ئاشتەوایەک لەگەڵ ڕیفۆرم خوازەکانن. تەنانەت لە مەڕ مەیلی ئەحمەدی نژاد و دارو دەستەکەی بۆ یەکگرتن لەگەڵ بناژۆخوازە سوننەتییەکانیش، کە بە بۆچوونی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی هەوڵی پەراوێز خستنیان دەدەن، شک و گومانی جیددی لە ئارادایە. ئەمە لە حاڵێکدایە ئاشتەوایی کۆمەڵگەی سیاسی بە بێ لایەنی ڕیفۆرم خواز بێ واتایە.

٣)لەو ئاشتەوایییەی خامنەیی باسی دەکا دەبێ لایەنی ڕیفۆرم خواز دان بە هەڵەکانیان دا بنێن و ئەوە قبووڵ بکەن کە لە ڕێگای ڕاست لایان داوە و خوازیاری گەڕانەوەن. ئەمەش لە لایەن ڕیفۆرم خوازەکانەوە بە توندی براوەتە ژێر پرسیار.

٤)ئاشتەوایی کۆمەڵگەی سیاسی و ئاشتەوایی میللی دوو چەمکی لێک جیانەکراوەن و تەنیا کاتێک مەیسەر دەبن کە کەلێنی نێوان دەسەلات و خەڵک بە بەرەچاوکردنی هەموو پێوانەکانی مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسی پڕ بکرێتەوە و دووجەمسەر بوونی کۆمەڵگە بە پایەند بوونی دەسەلات بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک کۆتایی بێ.

> **خەڵک تا ئەم ڕادەیە لە سیستم بێزارن کە هەر چەشنە «توهم» ی نزیکبوونەوەی ڕێفۆرمخوازەکان لە باڵی بناژۆخواز، بێمتمانەیی خەڵکی بە نیسبەت ڕێفۆرمخوازەکان لێدەکەوێتەوە**

کۆتایی هاتنی دەوری مێژوویی نیزامییەکان لە تورکیەدا

سینا ئازاد
وەرگێڕانی: مەسعود ڕەواندوست

شکستە قورسەکانی تورکیە لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا کە لەدەست دانی بەشێکی زۆر لە خاکەکەی لێکەوتەوە، بووە هۆی ئەوەی کە تورکەکان لە بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی شکستەکانیاندا زیاتر لە هەموو شتێک سەرنج بدەنە هۆکارە نیزامییەکان. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە دەستراگەیشتن بە تیکنۆلۆژی و هێزی نیزامی ببێتە ئامانجێکی ستراتێژیک لە تورکیەدا.

بۆ گەیشتن بەم تیکنۆلۆژییە لە لایەک نیزامییەکان نێردرانە ولاتە ڕۆژئاواییەکان و لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەک ڕاوێژکار و کارناسی نیزامی لە ڕۆژئاواوە هێنرانە تورکیە کە ئەوە بوو بە سەرەتای دامەزراندنی سپای نوێی تورکیە. دیارە ئەم دانوسانە جگە لە ڕەخساندنی بواری کەلک وەرگرتن لە تیکنۆلۆژی و ڕاهێنانی سەردەم، تێبینیی تایبەتیشی لە پشت بوو. بۆ وێنە پێکهێنانی بەستێنی دزە کردنی ڕۆژئاوا لەم بەشە لە ناوەندی هێزی تورکیە یەکێک لەم تێبینیانە بوو.

دەنگوی دەست هەبوونی ڕۆژئاوا لە هاتنە سەرکاری ئاتاتورکیشدا هەر لەم سۆنگەیەوە بووە. بەلام سەرەڕای ئەمەش گومان لەوەدا نیە کە نیزامییەکان لە تورکیەدا دەوریکی گرنگیان هەبوو لە ئاشناکردنی خەڵکی تورکیە لەگەڵ دنیای پێشکەوتوودا. بە دامەزرانی سپای نوێ و پێکهاتنی سیستمی سەربازیی زۆرەملی، سەربازەکان و بە واتایەکی دیکە بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگای تورکیە وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرکی نیزامیی خۆیان، لەگەڵ نەزم، دیسیپلین و پاک و خاوێنی و پێوەرەکانی پەرەسەندن و.. ئاشنا بوون و، بەم وەرچەرخانە بە کردەوە بەشێکی گرنگ لە ناسینی چەمکە مۆدێرنەکان لە لایەن خەڵکی تورکیەوە دەهاتەدی.

ئەرکی سپا لە تەنیشت پاراستنی سنوورەکان (دیارە لە تورکیەدا سپا زیاترین دەوری لە سەرکوتی نیوخۆیی یان بە واتایەکی دیکە پێکهێنانی نەزمی گشتی لە نێوخۆدا نیشان داوە) بەدیهێنانی ئەتەوەیەکی تاک و، ڕیشەدارکردنی چەمکی دەوڵەت لە لای خەڵک بوو. ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی ئاتاتورکدا بە توندی و بە پێداگرییەکی زێدەڕۆیانە لەسەر نەتەوەخوازیی بەڕێوەچوو. ئەم وەرچەرخانە لە لایەن کۆرۆ ناوەندە نێونەتەوەییەکانی دەسەلاتیشەوە پشتگیری دەکرا چونکە لە هێندێک بەشدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەکی دەگرتەوە. لە ڕەوانیی گشتیدا تورکیە میراتگری ئیمپراتوریەکی نیزامی بوو کە شکۆ و گەورەییەکەی زیاتر لە هەموو شتێک سەرچاوەی لە هێزی نیزامییەکانی ئەم وڵاتەوە دەگرت.

لە سەردەمە جیاوازەکانی ئیمپراتوریی عوسمانییەکاندا پێگەی نیزامییەکان تووشی هەڵکشان و داکشانی زۆر هات، بەلام ئەم هەڵکشان و داکشانانە هیچ کات ئەگەیشتە ڕادەیەک کە نیزامییەکان بە تەواوی لە دەسەلات وەدەرکەون.

ئاتاتورک، دامەزرێنەری تورکیەی نوێش خۆی یەکێک لە دەسەلاتدارانی ئیمپراتوری بوو. ئەم ڕابردووە و هەروەها هەلومەرجی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بووە هۆی ئەوەی کە لە گۆڕانی سیستمی ئیمپراتوری بۆ کۆماریدا کە زۆربەی پێکهاتەکان ئالوگۆڕی بنچینەییان بەسەردا هات، جێگە و پێگەی نیزامییەکان نەک هەر لاواز نەبێ بەڵکوو زۆر لە پێشوو بەهێزتریش بێ و بکەونە سەرووی دەسەلاتەوە.

دەسەلاتی نیزامییەکان دوای دەسپێکردنی سەردەمی فرەحیزبی لە تورکیە لە کوتاییەکانی دەیەی چلی زایینیدا تووشی هێندێک هەڵکشان و داکشان هات، بەلام هیچکات لە پلەی یەکەمی دەسەلات دوور نەخرایەوە. بەڕێوەبردنی کودیتا و نیمچەکودیتاکان و قبووڵ کرانیان لە لایەن کۆرۆ ناوەندە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکان نیشانیدا کە نیزامییەکان هەروا وەک پاریزەری کۆمار لە تورکیەدا دەوری سەرەکیان لە دەسەلاتدا هەیە.

ئەم هەلومەرجە هەتا بەر لە هاتنە سەرکاری حیزبی دادو گەشە بە هێندێک هەڵکشان و داکشانەوە بەردەوام بوو. بەلام دوو دەورە دەسەلاتداریی ئەم حیزبە و هەوڵدان بۆ گوڕین و پێناسەکردنەوەی پێکهاتەکان لە تورکیەدا نەیدەتوانی سپا و نیزامییەکان لەخۆنەگرێ. کوتایی هاتنی شەڕی سارد و گۆڕانی چەمکی ئەمنیەتی نەتەوەیی تورکیە و گۆڕانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی تورکیە لە ئاستێکی بەرێندا و لەهەموان گرنگتر گۆڕانی میکانیزمی ئامریکا لە تێڕوانینی نیزامییەوە بۆ تێڕوانینی دیپلۆماسی و نانیزامی لە پێوەندی لەگەڵ جیهان و هەر بەو پێیەش وڵاتانی وەک تورکیە کە پێوەندییەکی تایبەتیی لەگەڵیان هەبوو لەسەر جێگە و پێگەی نیزامییەکان بێ کاریگەری نەبوو.

لە ڕابردوودا نیزامییەکان بە دلنیابوون لە لایەنگریی نێونەتەوەیی و بە تایبەت ئامریکا، بە کەلک وەرگرتن لە هەلومەرجی دەوڵەتە هاوبەندییە لاوازەکان لە تورکیەدا، هەلومەرجێکی قەیراناوییان دەخوڵقاند و خۆشیان بە کودیتا دەستیان دەدایە بەڕێوەبردنی قەیران. بەشی گرنگی خەڵکیش بێ ئاگادار بوون لە قووڵایی قەیرانەکان و تەنیا بۆ ڕزگاربوون لە بشێوی و بێ نەزمییەکان نەک کودیتایان قەبووڵ دەکرد بەڵکوو جاروبار ڕەگەڵیشی دەکەوتن.

هاتنە سەرکاری دەوڵەتی تاک حیزبی و هاوکات گۆڕانی هەلومەرجی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی تورکیە، بارودۆخێکی نوێی پێک هێنا کە ئیتر دەستێوەردانی نیزامییەکان لە تورکیەدا ئاستەمتر بوو. لە نیمچە کودیتای ٢٨ی فیوریەی ١٩٩٧دا یەکەمین نیشانەکانی ئەم وەرچەرخانە دەرکەوت. لەم کردەوەیەدا نیزامییەکان بە پێچەوانەی ڕابردوو بە شێوەی ڕاستەخۆ نەهاتنە نێو کێشەکە و تەنیا بە وەرێخستنی تانکەکان لە سیجان (لە نزیک ئانکارا) بواریان بۆ ڕووخانی دەوڵەتی نەجمەدین ئەربەکان ڕەخساند.

لاپەڕە٨

بایکۆتی ڕێفراندۆم لەنێو دژبەرانێکی بەربڵاودا

سامان فەقێ نەبی
وەرگێران بۆ کوردی: ئاڵەشین

ئەم مانگە بڕیارە لەسەر چاکسازیی یاسای بنەڕەتیی تورکیە، ڕاپرسی بکرێ. بەڕپرسانی پارتی دەسەڵاتبەدەست (پارتی داد و گەشە) و زۆربەی ڕووناکبیران و ڕووما ناسراو و ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکانی تورکیە لەسەر ئەم بڕوایەن ئەگەر ئەم ڕاپرسییە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێ و خەڵکی تورکیە دەنگ بە چاکسازیی و گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی تورکیە بدا، ئەم وڵاتە هەنگاوێکی گرینگی لە بواری دیموکراتیزە بوون دا هەڵگرتوە. یاسای بنەڕەتی تورکیە لە ڕاستیدا بەرهەمی حەز و ویستی ژێنراڵە کودیتاچییەکانی دەیەی هەشتای زاییینیە کە لە زۆر بارەوە دژایەتییی لەگەڵ بنەما و پێوەرە دیموکراتیکەکان هەیە. بە پێی لێدوانی ڕێبەرانی AKP ئەم چاکسازییە هەنووکەییە یەکەم هەنگاوی لێک نزیک کردنەوەی هەرچی زیاتری یاساو ڕێسای تورکیە لەگەڵ پێوەرە دیموکراتیک و باوەکانی یەکێتیی ئوروووپایە. بەلام ئەو شتەی لەم نێوەدا دەبێتە هۆی لێلی و پێچەڵاوپێچی ڕەوتی سیاسیی تورکیە، بەشداری نەکردنی کورد لەم پرۆسەیە دایە.

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (KCD) ئەک هەر داوایان لە خەڵکی کردوە لەم ڕاپرسییەدا بەشداری نەکەن، بەڵکوو خۆشیان بایکوتیان کردوە.

جگە لە ڕێبەرانی PKK وەک موراد کارەییلان و جەمیل بایک، ڕووما سیاسییە ناسراوەکانی باکووری کوردستان بەتایبەت ئەحمەد تورک، سەلاحەدین دەمیرتاش و ... هتد تا ئێستاش لەسەر ئەم بڕوایەن نابێ کورد لەم پرۆسەیەدا بەشدار بێ، کە ئەمەش بووەتە هۆی شەپۆلێک ڕەخنەی قورس دژی ئەم پارت و کەسایەتییە ناودارانەی باکووری کوردستان. ڕێبەرانی PKKو پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەم چاکسازییانە، داواکانی کوردی پشت گوێ خستووە و چی وای بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باردا نییە، چونکی دیسانیش جەخت لەسەر شوورناسی تورک بوونی هەموو هاوولاتیانی تورکیە کراوەتەوە و هیچ ئاماژەیەک بە مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد نەکراوە. بە پێی وتەی ڕێبەرانی BDP ئەو چاکسازییانە ئازادیی تورکەکان لە تورکیەدا پتر دەکا بەلام کورد پشت گوێ دەخا و لەو چاکسازییانە چییان پێ نابڕێ.

لە بەرانبەر ئەو ڕاپرسییەدا ڕێبەرانی PKK و BDP، پلانی خۆبەرێوەبەریی دیموکراتیکیان خستوتە بەرباس و لەم بارەوە تەنانەت عوسمان بایدەمیر شارەوانی شاری دیاربەکر باس لە پێویستی پێکهاتنی پارلمانی کوردستان و هەڵدانی ئالای کوردستان بە پال ئالای تورکیە لە ناوەندە دەوڵەتییەکان دەکا.

بەلام لەم پێناوەدا AKPش بۆ ئەوەی خەڵکی کورد بۆلای خۆی ڕاکێشی هێندێکی داهێنان و کاری کردوە کە زیاتر وەک تاکتیک دەچێ. بۆ وێنە دوای چەندین ساڵ پاش گیرانی عەبدوڵلا ئوجەلان، لەم ماوەیەدا ڕێبەرانی AKP ڕایانگەیاند هێندێک لە بەڕپرسانی دەوڵەت پرسیان بە ئوجەلان کردوە. ئەم ڕووداوە و شکاندنی ئەم تابۆیە واتا وتوویژ لەگەڵ ئوجەلان بە ڕاکێشانی متمانەی کوردو بەتایبەت لایەنگرانی BDP بۆ سەر سندووقی دەنگ دان لێکدەدرێتەوە. زانا سیاسییەکان لەسەر ئەم بڕوایەن PKK لەسەر ڕێککەوتنی ئوجەلان و بەڕپرسانی دەوڵەت ئاگربڕی یەک لایەنەی ڕاگەیاندوە.

بەلام سەرەڕای ئەم نیشانە پۆزەتیڤانە، دریژەپێدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەرتەش دژی PKK و داخستنی ڕۆژنامەی «ئازادی وڵات» و «ڕۆژەڤ» و پارادۆکس بێژی ئەردوغان لە شارەکانی باکووری کوردستان سەبارەت بە دۆزی کورد، وای لە ڕێبەرانی PKK و BDP کردوە، هەروا لەسەر بایکوتی ڕاپرسی چاکسازیی لە قانوونی بنەڕەتیی تورکیەدا سوور بن.

ئەوە ڕوونە کە ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی هەروەک ڕابردوو لەسەر سیاسەتی دووڵایەنە و دژبەیەکی خۆیان سەبارەت بە کێشەی کورد بەردەوامن. ئەردۆغان لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا لە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنگرانی پارتەکەی لە شاری وان خۆی بە نوێنەر و پشتیوانی کورد ناساند، بەلام چەند ڕۆژ دواتر لە شاری قونیەی تورک نشین بۆ ئەوەی سۆزی تورکە ڕەگەزپەرەستەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، تورکیەی بە وڵاتێکی یەک نەتەوە و یەک زمان لە قەڵەم داو پارتی BDPی بۆ هۆی ئەوەیکە پلانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیکی هێناوەتە ئارا بە لایەنگری لێک هەڵوەشاندنی تورکیە تاوانبار کرد. ڕوون و ئاشکرایە درێژەی ئەم ڕەوتە سیاسییە دووڵایەنە، بێمتمانەیی زیاتری کوردە شوورناس خوازەکانی باکووری کوردستانی سەبارەت بە پرۆژە چاکسازییەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان لێدەکەوێتەوە.

دیارە نابێ ڕۆڵ و باندۆری پارتەکانی دیکەی باکووری کوردستان لەبەرچاو نەگیردرێ. پارتە دێرینەکانی دیکەی وەک پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیە و HAKPAR کە لایەنگرێکی وایان بە دەورەوە نیە، بە دەرکردنی چەند بڵاوکراوەیەک داوایان لە خەڵکی کورد لە باکوور کردوە لە ڕاپرسی دا بەشدار بن و دەنگی بەڵێ بەم پرۆژەیە بدەن. کە ئەمەش لە لایەن لایەنگرانی BDP وە کەوتوتە بەر پلاری ڕەخنەو بە بەرهەمی سازشکاریی شاراوەی ئەم پارتە لەگەڵ دەوڵەت دەزانن.

بەلام ئەم شتەی لەم نێوەدا بۆ زانایانی سیاسی خاوەن گرینگییەکی تایبەتە، بابەتی ڕاپرسی نییە بەڵکو مکانیزمی دەوڵەتیان بۆ چارەسەری دۆزی کورد لە داهاتوودا لە لا گرینگە. بڵێی دەوڵەتی تورک بۆ چارەسەری کێشەی کورد ڕوو لە PKK و BDP بکا یان دیسانیش وەک جاران حاشا لە کاریگەری و ڕۆڵی ئەم دوو پارتە لە گۆڕانکارییەکانی باکووری کوردستان دەکا یان ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی کورد داوای چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کورد دەکەن و ڕاپرسی بایکوت دەکەن یا بە بەشداری بەرچاو و دەنگی «بەڵێ» بۆ ڕاپرسیی چاکسازیی قانوونی بنەڕەتی تورکیە دەچنە ڕیزی پێشتیوانانی چارەسەری هەنگاو بە هەنگاوی دۆزی کورد (دیارە بێ ڕوو کردنە PKK و BDP). ئەوانە ئەم پرسیارانەن کە دوای ڕاپرسی ١٢ی سێپتامبر، ڕوون دەبنەوە.

بەڕێوەچوونی سێمیناری هەڵسەنگاندنی جووڵانەوەی جەماوەریی ئێران لە ستۆکهۆڵم

ڕۆژی شەممە ١٣ ی خەرمانان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی جووڵانەوەی جەماوەری لە ئێران لە ڕوانگەی حیزبە سیاسییەکانەوە، سێمیناریک لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو.

سێمینارەکە لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ هەتا هەشتو نیوی شەو درێژەی هەبوو و بەڕێزان کەماڵ ئەرەس (ئەندامی شووراى عالی و وتەبێژی جیبهەی میللی لە ئوروپا)، موحەممەدی ئومیدوار(ئەندامی کۆمیتەی ناوەند ی و وتەبێژی حیزبی تودەی ئێران)، کاوە ئاهەنگەری (ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەڕپرسی پێوەندی لەگەڵ ئەحزاب و لایەنە ئێرانییەکان،)و حەسەن زێهتاب، ئەندامی شورای بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران، (ئەکسەریەت) وەک کۆڕگێرتێیدا بەشداربوون.

ڕوانگەی ئەو ڕێکخراوانە لە مەر جووڵانەوەی جەماوەری کە بە جووڵانەوەی سەوز ناسراوە، وەک تەوەری سەرەکیی باسەکان شی کرایەوە و هاوکات کارتیکەریی ئەم بزووتنەوەیە و شێوەی هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە گەڵ ئەو جووڵانەوەیە و دوورەدیمەنی دۆخی سیاسیی ئێران و پێکهاتەی سیاسی و شێوەی ئیدارەی وڵات لە داهاتوودا، بەشێکی دیکەی باسەکانیان پێکهێنابوو. هەروەها بەشێک لە کۆڕگێران وێرای باسکردن لە کەم و کوڕییەکانی جووڵانەوە و پێداویستییەکانی دابین کردنی دیالۆگێکی دوو لایەنە لە نێوان ئەو دوو بەشە ، لەسەر بەهێزکردن و بەرینترکردنەوەی جووڵانەوە پێیان داگرتەوە.

یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان کە لەم کۆڕە دا، بەرەوڕووی کاوە ئاهەنگەری کرا چۆنیەتیی تەعامولی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ جووڵانەوەی سەوزدا بوو . ناوبراو وێرای ئاماژە بەو ڕاستییە کە میچی داواکانی بزووتنەوەی سەوز، کەفی داواکانی بزووتنەوەی کوردە، بزووتنەوەی سەوزی وەک نوخته وەرچەرخانێک لە دۆخی سیاسیی ئێراندا ناساند و گوتی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر فاکتۆرێکی دیموکراتیک بۆ پەرەسەندنی خەباتی ئازادیخوازانە و چوونەپێشی چەرخی گەشەی سیاسی لە ئێراندا پشتیوانی و پێشوازی دەکات. بۆیە بە پێویستی دەزانین کە هەموو ڕێکخراوە و ئەحزابی ئێرانی کە باوەریان بە سیکۆلاریزم و دیموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران هەیە، لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ پرۆژەی بنیاتنانی ئێرانی داهاتوو ڕێک بکەون.

بەشێکی دیکەی سێمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ بیروبۆچوونی کۆڕگێران لەسەر باس و لێدوانەکانی پەکتر کە هەرکام لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان لە پێنج خولەکدا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەبڕی.

کاوە ئاهەنگەری لە میانەی باسەکەی خۆیدا وێرای ئاماژە بە شکست هێنانی مۆدێلی مکانیکی وسوننەتیی ئێران کە دەکرێ بە مودێلی تەک ڕەهەندییش ناوی ببەین، ئاماژەی بە پێویستیی پێداچوونە و هێنانەگۆڕی خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئێران بۆ داهاتووی وڵات کرد. ئاهەنگەری ڕایگەیاند بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی مۆدێرن و ئازاد و دیموکرات وگونجاو لە گەڵ کۆمەڵگایەکی جۆراوجۆر لە بواری کولتووری، ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە ونەهێشتنی مەودا و نامۆیی دەستکرد لە لایەن ڕێژیمە توتالیتێرەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا، پێویستیمان بە مۆدێلێکی پلۆرال و ئۆرگانیکی بۆ وەگەڕخستنی هەموو توانا و پوتانسیەلە بەکار نەهێنراوەکانی گەلان و چین و تویژەکانی نیو ئێران هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش، فیدراڵیزم باشترین فۆرم بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێرانە.

لە بەشی کۆتایی سێمینارەکە دا بەشداران پرسیارەکانی خۆیان هێنا بەرباس کە هەکام لە کۆڕگێران لە ڕوانگەی حیزب و ڕێکخراوی خۆیانەوە وڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە.

فیستیڤاڵی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر بەڕێوە دەچێ

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیەکەمجار فیستیڤاڵی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە شاری هەولێر دا بەڕێوە دەبا.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیە شاری هەولێری بۆ بەڕێوە بردنی فیستیڤاڵی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی(یونامی) هەڵ بژاردوە، چونکی لە ڕوانگەی کارناسانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەولێر ئەمنترین و سەقامگیرترین شاری عێراق بۆ بەڕێوە بردنی ئەو ڕێوڕەسمە جیهانییەیە.

بە پێی هەواڵی ئاژانسی پەیامنێر خاتوو مۆریک هێندرسن بەڕپرسی ئۆفیسی یونامی بۆ ئەو مەبەستە سەردانی پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە و لە لایەن نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازیی لێ کراوە تا

بەرنامە بۆ هەماهەنگی و هاریکاری بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەو فستیڤاڵە دابڕێژن.

لەو دیدارەدا باس لە ئامادەکارییەکانی هەردوولا بۆ بەڕێوەبردنی فستیڤاڵی ڕۆژی جیهانی ئاشتی لە شاری هەولێر کرا.

شایانی باسە کە زۆربەی کارناسانی سیاسیی جیهان لە سەر ئەو باوەڕەن کە شاری هەولێر، پێتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمنترین و سەقامگیرترین ناوچەی عێراق و نموونەی گەشی قۆناغی دوای ئازادی و نەمانی دیکتاتۆریی و هاتنی ئاشتی و تەبایی و دیموکراسی لە عێراقی تازە دایە .

وتوویژ لەگەڵ «ژێرار شالیان»

سەبارەت بە هێندێک ڕەهەندی مەسەلەی کورد

دیمانە : کوردستان

ژێرار شالیان کەسایەتیی ناسراوی فەڕانسەییی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنییە. ناوبراو یەکێک لە بەناوبانگترین ژیئۆستراتیژی فەڕانسەییە و لە بواری کێشە چەکدارییەکان و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا حیساب لەسەر بۆچوونەکانی دەکرێ، کوردۆلۆگ و دۆستێکی گەلی کوردیشە و کاتی خۆیشی دۆستایەتی و هاوکارییەکی گەرم و پتەوی لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو.

کوردستان دیپلۆماتیک: جیا لە ناوبانگ وەک پسپۆڕێکی ژیئوپۆلیتیک، تەتو وەک کوردۆلۆگ و دۆستێکی گەلی کوردیش ناسراوی. بەو ناسیاری و نزیکایەتییە کە دەیان ساڵە لەگەڵ کوردەکان و مەسەلەی کوردت هەیە، بێگومان ئاگاداری ئاڵۆزییەکانی ئەو پرسە و پارادۆکسە ژاتییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد هەی. ئایا پێت وایە چارەسەری مەسەلەی کورد لە درێژخایەندا چیە؟ پێت وایە کە هەوڵدانی کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجوودا بەبێ داوا کردنی سەربەخۆیی ستراتژییەکی باشە و دەبێ درێژەی بدەن؟

ژێرار شالیان: ئەمن لەو باوەڕەدام کە کوردەکان هەروەک تا ئێستا کردوویانە، پێویستە هەوڵ بدەن مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانیان، کە هەر دەبێتەوە مافی نەتەوایەتیی وان، لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئێستادا دابین بکەن. ئەوە تەنیا ڕێگای دابین کردنی ئەو مافانە بۆ کوردەکانە. هەر چەشنە ناڕوونییەک لەو بارەوە بەتایبەت سەبارەت بە پرسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی وەک لە تورکیە دیتوومانە ئاکامەکەی تەنانەت لە سەردەمی ئێستادا تەنیا سەرکوت و توند و تێژی بووە.

کوردستان: دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، فەرانسە نەک هەر سەرنجی بە داوا سیاسییەکانی کوردەکان نەدا، بەڵکوو زۆرتر لە خەمی سەقامگیرکردنی ئەو قەوارانەی ئیمپراتوریی لەبەریەکهەڵوەشاوی عوسمانیدا بوو کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئایا دەتوانین بڵێین کە فەرانسە لەو دۆخە نالەبارەدا کە ئەمڕۆ کوردی تێدایە بەرپرسیارێتییەکی ڕاستەوخۆی هەیە؟

ژێرار شالیان: یەکەمین بەرپرسیارێتیی سیاسی سەبارەت بە دۆخی کوردەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی کوردەکانی ئیمپراتوریی عوسمانی خۆیان. لەو سەردەمەدا نوخبەکانی کورد باش هەستیان بەو ڕاستییە نەکردبوو کە مستەفا کەمال پێش هەموو شتێک خەریک بوو دەرسی لە کارەساتی لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتوریی عوسمانی وەردەگرت و دەیویست گوزێنەی دەوڵەتی میللەی (کە دیارە سێکولار بوو) لە تورکیە دابەزێنی، بۆ ئەوەش ئەو تێدەکۆشا خۆ لە هەر شتێکی کە ئەو کاتە ئەو پێی وابوو دواکەوتوو و بەسەرچوویە دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی مۆدێلی ئوروووپای ڕۆژئاوا کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا پرستێژێکی زۆری لەو ناوچەیەدا هەبوو جێگیر بکا. کوردەکان کە لەو سەردەمەدا چەندین تایبەتمەندیی وەک مەزهەبگەرایی، شوێنەوار وەرگرتن لە فەرهەنگی دواکەوتووی عوسمانی، عەشیرەتگەری و پێکهاتەیەکی چەقبەستوویان هەبوو، هاوپەیمانییان لەگەڵ تورکەکان بەست بەبێ ئەوەی بزانن کە تورکەکان ئەوان وەک ئامرازێک بەکار دەبەن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ناوچە کوردنشینەکان، بریتانیا زۆر لە فەرانسە دەخیلتر بوو، چونکە فەرانسە سەرقاڵی سوریە بوو و تەنیا لە گۆشەنیگای دیاریکردنی سنوور هەمیشە سەرنجی داوەتە کوردەکان. برایانی بەدرخان ماوەیەکی زۆر لە دیمەشق بوون. زۆر تۆیژەرەوە بۆ نموونە ژەنڕاڵ ڕۆندۆ، باوک توماس بووا، ڕۆژی لیسکۆ، کە هەر



لەگەڵ تورکیەوە کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی کوردەکان هەبووە.

کوردستان: ئایا دەتوانین باسی سیاسەتێکی کوردیی دەوڵەتی فەرانسە بکەین هەروەک کە سیاسەتێکی عەرەبیی دەوڵەتی فەرانسە هەیە؟ ئەگەر نا، هۆیەکەی چیە ؟

ژێرار شالیان : نا، ناتوانین بڵێین کە فەرانسە سیاسەتێکی تایبەت بە کوردەکانی هەیە. بەڵام فەرانسە هەموویان لە بەرپرسانی دەوڵەتیی فەرانسە بوون، زۆریان هەوڵ داوە کە کوردەکان بە خەڵکی فەرانسە بناسێن و زۆربەی جاریش دیفاعیان لە کورد کردووە.

کوردستان: بەو هەموو گۆڕانکارییە کە لە واقعییات و زێهنییاتی دنیادا ڕووی داوە، زۆر کەس تەنانەت لەنێو کوردەکان خۆیاندا پێیان وایە کە پێویستە کوردەکان واز لە خەباتی چەکداری بێنن. داهاتووی خەباتی پارتیزانی لە جیهاندا بە گشتی و خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردەکان بەتایبەتی چۆن دەبینی؟ ئایا خەباتی چەکداری سەردەمی بەسەر چووە؟

ژێرار شالیان : لە هەلومەرجی ئێستادا، پێم وایە خەباتی چەکداری تەنیا بەرهەمی پێچەوانە و زیانبەخشی بۆ کوردەکان لێ دەکەوێتەوە. لەو پێوەندییەدا نموونەی تورکیە زۆر زەقە. لە عیراق هیچ دوور نییە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ دیفاع لە خۆ کردن پێویست بێتەوە. بەهەرحاڵ ئەو مەسەلەیە واتە پرسی خەباتی چەکداری کە ئەمڕۆ زۆرتر کوردەکانی تورکیە دەگرێتەوە، بۆ وانیشی بە شیاو نازانم و پێم وایە پێویستە خەباتی سیاسی لە پێشەوەی هەموو شتێک دابنێن.

کوردستان: ئایا پێت وایە ئەندامەتیی تورکیە لە یەکێتیی ئوروووپادا بە قازانجی کوردەکانی ئەو وڵاتە بێ؟ ئایا ئەوان دەبێ پشتیوانی لە کاندیداتوریی تورکیە بکەن؟

ژێرار شالیان: بەڵێ، ئەمن لەو باوەڕەدام کە کوردەکان بێگومان لەو یاسا و ڕێسایانە کە دێموکراتیکترن قازانج دەکەن.

کوردستان: ئەمڕۆ لە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی عیراق و تورکیەدا، کوردەکانی ئێران کەمتر سەرنجی ڕاستەقینە و پایەداری مێدیا و ناوەندە بڕیاردەرە ڕۆژئاواییەکان بۆ لای خەباتەکەیان ڕادەکێشن. ئایا پێت وایە ئەوە تەنیا خەتای هەلومەرجی سیاسیی نێونەتەوەیی ئێستایە یان بەڵکوو ڕێگای دیکەش هەیە کە پێویستە تاقی بکرێنەوە؟

ژێرار شالیان : دوای ئەوەی دوو جار سەرکردەکانی خۆی لە دەست دا، حیزبی دێموکرات تووشی تەنگژە و لاوازی بوو. ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە سەردەمی سەرکۆماریی جۆرج بووش دا نەدەبوو تەما بەوە ببەستن کە ئەمریکا ڕێژیمی ئێرانیان بۆ بڕووخێنێ و نەشدەبوو بڵێن. ئەوان پێویستە خۆ ڕێک بخەنەوە و ستراتیژیەکی موتسەجیم هەڵبژێرن لە نێوخۆی ئێراندا بۆ داهاتوویەکی نزیک کە ڕەنگە لەوێش پرۆسەی گووزار ڕوو بدا.

کوردستان: سەختیی چارەسەری مەسەلەی کورد لەوەدایە کە کوردستان لە نێوان چەند وڵاتدا دابەش کراوە کە لەسەر یەک هەموویان نادێموکراتیک بوون. بە بڕوای جەنابت بۆچی دابەزاندنی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە بەزەحمەتە و ئایا چ دوورە دیمەنێک بۆ دێموکراتیزاسیۆنی ناوچە دەبینی؟

ژێرار شالیان : ڕاست دەکەی. مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا وڵاتان و گەلانی موستەعمەرە و ژێر دەستی ئوروووپاییەکان لێی سوودمەند بوون. هەرچەند بۆ وانیش جاری وابووە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ پێویست بووە هەتا ڕزگار بن، بۆ نموونە لە ئەلجەزایر یا قبەتنام. دێموکراسی پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و ئاڵوزە کە پێویستیی بە زیاتر لە هەقی دەنگدان و دەستوورێک و پارلمانێک هەیە. شتی دیکەش بۆ نموونە دەسەڵاتێکی قەزایی کە تا بکرێ سەربەخۆ بێ، حکوومەتی قانوون، ڕێزگرتن لە کەمایەتییەکان، و بە کورتی ڕۆیشتن لە سەرەڕۆیی‌یەوە بۆ ئازادیی هاووڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بێ بنەمای گوزەر هەلنەگری دێموکراسیین.

دریژەی

خودایە! خۆت ڕەحمێک بە خەڵکی فەلەستین بکە!

(لە پەراوێزی ڕۆژی قودس دا)

کامیار

ڕۆژی قودس کە بۆنەیەکی ئیدئولۆژیکە و کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لە دوایین هەینی مانگی ڕەمەزاندا وەک ڕۆژێکی جیهانی دژی ئیسرایل و ئەمریکا کەڵکی لێ وەردەگرێ و بەو بۆنەوە خەڵکی خۆی دێنێتە سەر شەقام، ساڵ لە دوای ساڵ هەتا دێ خۆشتر و سەیر و سەمەرەتر دەبێ.

لە ڕۆژی قودسی ساڵی پاردا، کە نارەزایەتییەکان گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی، بە پێی ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆژەدا دەیڵێ، بە جێی ئەوەی لەم ڕۆژە دژی ئەمریکا و ئیسرایل کەڵک وەربگری و پشتیوانی! لە خەڵک مەزڵوومەکەی فەلەستین بکا، ئەم ڕۆژەی کردە دەرفەتێک بۆ سەرکوتی نارازیان و بێ بەزەییانە پەلاماری خەڵکی نارازی دا. دروشمەکانی لایەنگرانی کۆماریس ئیسلامی لە مەرگ بۆ ئەمریکا و مەرگ بۆ ئیسراییلەوە، گوزەردا و بوو بە دروشم دژی نارازیان و ڕێبەرانیان.

ئەم ساڵیش قۆلی پاوانخواز بۆ پێش گرتن لە سەرهەڵدانی هەر چەشنە نارەزایەتییەک کومەک ڕێگای گرتە بەر. لە بەرەبەری ئەم ڕۆژەدا "خامنەیی" ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئاخری پاش ١١ ساڵ هات و ڕایگەیاند کە دەبێ تاوانباران یا خۆڵقێنەرانی ڕووداوی ١٨ی پووشپەڕی کوی زانکۆی تاران بناسرێن و سزا بدرێن. پاش ئەمە دادستانی تاران هات سێ کەس لە تاوانبارانی گرتووخانەی کەهریزەکی ناساند. چەند ڕۆژ دواتر وەزیری ئیتلاعات هات و وتی کە ٨٠ بنکە و دامەزراوەیان دیتووەتەوە کە ئەوا ڕۆژئاوا بۆ پشتیوانی لە نارازیانی نێوخۆی ئێران تەرخانی کردوە و بەو ئەو ٨٠ بنکە و دامەزراوەیە ڕۆلیان هەبووە لە نارەزایەتییەکان دا. ئەمانە و کۆمەڵێک هەرەشە و گوڕەشەی دیکە کە بەو جۆرە وبستیان خەڵکیک فریو بدەن و خەڵک چاو ترسێن بکەن.



هەر لە ڕۆژی قودسی ئەمسالدا چەند کارێکی دیکە کران کە جێ خۆیەتی ئاماژەیەک بەوانەش بدەین.

پێش بەرێوەچوونی خۆ پیشا ندا نە کە هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەشداری کردنی مێهدی کەروبی لە خۆپیشاندانەکەدا بگرن دەوروبەری مالی ناوبراویان گەمارۆدا و نەیانهێشت لە ماڵ بێتە دەری و پیانوابوو کە بێتە دەری کە ئەوا ئاراستەی خۆپیشاندانەکە دەبێتە پشتیوانی کردن لە ئەمریکا و ئیسرایل و دژایەتیکردنی فەلەستینییەکان!!

لە پەنای خۆپیشاندانی ڕۆژی قودسی ئەمسالدا گرووپێک بە ناوی "هابیلیان" پێشانگایەکیان لە ژێر ناوی "فتنە سبز" (ئاژاوەی سەوز) لە شەقامەکانی فەلەستین و ئینقلاب دا وەڕێ خست. لەم پێشانگایەدا کۆمەڵێک وێنەی موسەوی، کەروبی، زارا ڕەهنەوەرد و ژمارەیەک لە ڕەخنەگرانی ڕیفۆرمخواز لەگەڵ وێنەی بەرپرسانی موجاهیدینی خەلق، باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا و بنیامین ناتانیاهوو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرایل هەڵواسرا بوو.

لە پەنای ئەمەشدا ژمارەیەک پۆستێر بڵاو کرانەوە کە تێدا جەخت لە سەر ئەو کرابووەوە کە چەند کۆمپانییەک گەمارۆیان بخرێتە سەر و خەڵک ئەو شتومەکانەی کە لوگۆی ئەو کۆمپانیاگەلەی لەسەرە نەکڕن. یەکێک لەوانەش کۆمپانی "کوکاکولا" بوو، کە لایەنگرانی قۆلی پاوانخواز لەو ڕێگایەوە دەیانەوێ تەحریم بخەنە سەر ئیسرایل و پشتی ئەو وڵاتە بشکێنن!!!

بەم پێیە ئەگەر ئاوا بڕوات، ئاوا ڕۆژی قودس دەبێتە بۆنەیەک کە قۆلی پاوانخواز بە جێی ئەوەی دژی ئەمریکا و ئیسرایل لەو ڕۆژە کەڵک وەربگری، بۆ دژایەتیی و سەرکوتی نارەزیبانی نێو ئێران ئەم ڕۆژە بەکار دێنی و لەم نێوانەشدا مافی فەلەستینییە مەزڵوومەکان دەخوڕێ و کەسێک نامێنێ خەمیان بخوا. چونکە کێشەکە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاو ئیسراییلەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێوان کۆماری ئیسلامی و موسەوی و کەروبی و...

هەڵبەت جاری ناکرێ لەم بارەوە بڕیاری کۆتایی بدەین، چونکە ڕەنگە خودا ڕەحم بکا ئەو تەحریمانەی کە خراونەتە سەر کۆمپانیای "کوکاکولا" بێگرێ و پشتی ئیسراییلییەکان بشکێ و فلستینییەکان ڕاست بێنەوە!!

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ دوو ڕێگا دێکەش هەن کە ئەگەر کێشەکە ئاوا بڕوا تا ڕۆژی قودسی ساڵی داهاتوو یەکێک لەم دوو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە: یا ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە فلستینییەکان بە جێگەی لەناوبردنی ئیسرایل، موسەوی و کەروبی و.. لە ناو دەبا، یان ئەوەیە موسەوی و کەروبی بۆ ئەوەی لە ناو نەچن و خۆیان بسەڵمێنن، ناچارن بۆ شەڕ دژی ئیسرایل بچنە بەرەکانی شەڕەوە لە کەرتی غەزە. کەواتە خودایە لەم بگرە و بەردەیەدا، بۆ ئەوەی کەس زەرەر نەکا، هەر خۆت ڕەحمێک بە فەلەستینییەکان بکە!!

کۆتایی هاتنی دەوری مێژوویی نیزامییەکان لە تورکیەدا

ئەم شێوە هاتنە بۆ نێو سیاسەت ئەگەرچی لە ڕوانگەی هێندێک کەسانەوە بە کودیتای مۆدێرن ناوبرا، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە نیشانیدا کە تورکیە ئیتر وەک پێشوو شوێنی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نیزامییەکان لە دەسەڵاتدا نیە. ئەم ڕەوتە و پێگەی لاوازبووی نیزامییەکان لە هۆشداریدانە ئینێترنێتییەکەی ناوەندی هاوبەشی ئەرتەشی تورکیە لە دژایەتی لەگەڵ سەرۆک کۆماریی عەبدوڵلاگول لە ساڵی ٢٠٠٧یش دا (ئەگەرچی بووە هۆی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پێش وەخت) نیشانەکانی خۆی دەرخست و سەلماندنی کە مەیدانی کردەوەکانی نیزامییەکان لە سیاسەتی تورکیەدا بە تێپەڕینی کات بەرتەسکتر دەبێتەوە.

ئەوەلە حاڵێکدا بوو کە دوای نیمچە کودیتای ٢٨ی فێبرییەی ١٩٩٧ نیزامییەکان ڕایانگەیاندبوو کە ئاسەوارەکانی ئەم ڕووداوە هەتا هەزار ساڵ بەردەوام دەبێ. ئەمڕۆ لە تورکیەدا نەک هەر دەرگاکانی دەستێوەردانی نیزامییەکان لە سیاسەتدا دادەخرێ، بەڵکوو لە دیاری کردنی فەرماندە نیزامییەکانیشدا قسەی ئاخیر بەم سیاسییانەیە کە تا دوێنی بە ئیشارەیەک لە مەیدانی سیاسەت وەلادەنران.

ئەم وەرچەرخانەی لە تورکیەدا ڕوودەدا، وەرچەرخانێکی بنەڕەتییە. سپا وردە وردەلە هێژمۆنیی بێ ئەملاو ئەولای کەمالیست وەدەردەکەوێ و لە جیاتی وەفاداری بە کەمالیست، وەفاداری بە وڵات و شایستە سالاری زاڵ دەبێ. نیزامییەکان لە تورکیەی ئەمڕۆدا لە لاوازترین هەلوەرجدان. ئەوان لە لایەک لایەنگرە نێونەتەوەییەکانیان نەماوە و لە لایەکیش لە سەرکوتی پێ کا کا دا سەرنەکەوتوون.

هێندێک کەس تەنانەت باس لە پێوەندیی هێندێک لە نیزامییەکان لەگەڵ پێ کا کا دەکەن و پێیان وایە کە بوونی پێ کا کا و هەلومەرجی نائەمنی لە تورکیە هۆکاری بەهێزکردن و پاساوی بوونی نیزامییەکان لە مەیدانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا بووە و هەیە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەمە لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە ڕێکخستنی سپایەکی گوێ لە مستی سیاسییەکان ئەگەر لە سەرکوتی پێ کا کاش گرنگتر نەبێ، بەو ڕادەیە گرنگە.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سپای تورکیە لە ناساندنی دنیای پێشکەوتوو بە خەڵکی ئەم وڵاتەدا دەوری سەرەکیی هەبووە. جیا لەوانە ئەو کۆمارەی کە میراتگری ئیمپراتوریی عوسمانی بوو، نەیدەتوانی وێنایەتی دیکە جگە لەوە لە ئاوێتەی دەسەڵات لە تورکیەدا بخاتەڕوو. بوونی نیزامییەکان لە سەرووی دەسەڵات تا ڕادەیەک سروشتی و میراتی ئەم ڕابردووە بووە، بەڵام لە هەلومەرجی نوێی جیهان و تورکیەدا ئەم پێگەیە نەیدەتوانی هەروا بمێنێتەوە. دیارە لێکدانەوەی هەمووی ئەم وەرچەرخانانە لە چوارچێوەی میکانیزم و هەلومەرجی نێوخۆییدا لێکدانەوەیەکی نەشیاو و ناشیبانەیە و دەوری هێزە نێونەتەوەییەکان و بە تایبەت ئامریکا لەم پرۆسەیەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. تا دوێنێی نزیکترین هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە تورکیەدا نیزامییەکان بوون.

«گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە» یان دژی بنەماڵە؟!

کۆیستان فتوحی

ساڵی ١٣٥٣ مەجلیسی ئێران بە گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە دا چۆوە کە پەسند کراوی ساڵی ١٣٤٦ بوو و لە کوتاییدا بەندێکی بە قانوونی پشتیوانی لە بنەماڵەوە زیاد کرد. ئەو بەندە لە ٢٨ مادەو پێک هاتبوو، کە بەشێک لە ماددەکان پێوەندییان بە هاوسەرگیریی دووبارەی پیاوانەوە هەبوو . لەو بەندەی قانوونەکەدا هاتبوو کە هەرپیاوێک بیەوێ ژنی دووهەم بێنی دەبێ بە رەزامەندیی دادگا بێ، دادگاش هەتا رەزامەندیی ژنی یەکەمی لەسەر نەبێ ریگە نادا پیاو ژنی دیکە بکاتە هاوسەر . کۆمەڵێک مەرجی دیکەش دانرابوون کە چەند هاوسەرییان لە پیاوان دژوار کردبووەوە و ژنانیش بەشێک لە مافەکانیان لەو گەڵاڵەیەدا پاریزراو بوو، کە ئەمە بۆ ئەو کات و سەردەمە دەسکەوتێکی بەنرخ بۆ بنەماڵە و بەتایبەتی بۆ ژنان بوون .

قانوونی ساڵی ١٣٤٦ پشتئەستوور بە قورئان، مەرجی دابڕەوەریی بۆ چەندهاوسەری دانابوو. پێشتر، پیاوێک مافی ئەوەی هەبوو ٤ ژنی هەبێ. بەڵام دوای پێداچوونەوەی قانوونەکە لە ساڵی ٥٣دا کۆمەڵێک مەرج بۆ پیاو دانرا کە نەتوانی بە ئاسانی ژنی دووهەم بێنێ.

لە دوای بەدەسەڵات گەیشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ژنان بەشێکی زۆر لەو مافانەیان کە پێشتر بە دەستیان هێنابوون و بەرهەمی خەباتی خۆیان بوو، لێ زەوت کرایەوە. بۆ نموونە پیاو بۆ هاوسەرگیریی دووبارە پێویستی بە ئیجازەی دادگا و هاوسەری یەکەم نەما.

ئەوەی لەم ڕۆژانەدا هاتۆتەوە دەستووری کاری مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، هەر ئەو قانوونەیە کە لە ساڵی ١٣٥٣دا پەسند کراوە، بەڵام ژنانی وشیاری ئێران ئەمڕۆ ناوەڕۆکی ئەو قانوونە زۆر لەوە بە کەمتر دەزانن کە خەباتیان بۆ کردوە و نرخیان بۆ داوە.

دەسەڵاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی، لە کۆبوونەوەیەکی هەیئەتی دەوڵەتی نویەمدا (گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە) جاریکی دیکە ناردرایە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن دەسەڵاتی قەزاییەوە هێندێک دەسکاری کرا کە، پێشێلکردنی مافەکانی ژنانی بە ئاشکرا تێدا بەدی دەکرا. ئەو دەسکاری و ئاڵوگۆڕانە لە گەڵاڵەکەدا لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە، نارەزایەتییەکی بەرینی چین و تۆیژەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەتی لایەنگرانی مافەکانی ژنانیلێکەوتەوە.دوای نارەزایەتییەکی زۆر بەرامبەر بە ماددەی ٢٢ و ٢٣ و ٢٥ ئەو گەڵاڵەیە،ماددەکانی ٢٣ و ٢٥ی لێ لابرا، کە ئەم مادەانە بە ماددەیەکی پڕ لە زیان و مەترسی بۆ بنەماڵە دادەنران. بەڵام ماددەی ٢٢ (چەند هاوسەری) نەک لانەبرا بەڵکوو هێندێک خاڵی دیکەشی پێوە زیاد بوو کە پێوەندیی هەبوو بە هاوسەرگیریی کاتی (سیغە). واتە ئەندامانی کومیسیۆنی قەزایی مەجلیس ئەوەیان پێوە لکاند کە ئەگەر هاوسەرگیریی کاتی، منداڵی لێکەوتەوە، بە مەبەستی پاراستنی مافی منداڵەکە دەبێ هاوسەرگیرییە کاتییەکە بکرێتە ڕەسمی و سەبت بکرێ. هەربۆیە لە ژێر کاریگەری نارەزایەتیی چالاکانی ژنان و حوقووقناسانی بواری بنەماڵە تا ئەمڕۆش مەجلیس نەیتوانیوە ئەم گەڵاڵەیە بە ئاسانی پەسند بکا و نزیک بە دوو ساڵ دەبێ بە ئەنجامێک نەگەیشتوون. لەم ڕۆژانەدا دیسان ئەم مەسەلەیە هاتۆتەوە مەیدان و بۆ بریاری کۆتایی ناردرایەوە ماجلیسی شووڕای ئیسلامی.

دیارە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان هەر لە بنەڕەتدا خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو گەڵاڵەیە لە دەستووری کاری مەجلیس بێتەدەر. ئەوە خواستی ڕوونی ئەوان بوو. چونکە لە بنەڕەتڕا گەڵاڵەکە پڕە لە نایەکسانی و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بە تایبەتی فەسڵەکانی دووەم، سێیەم ، چوارەم، پێنجەم کە پێوەندییان هەیە بە زەماوەند، تەڵاق، سەرپەرستی و وەئەستوگرتنی منداڵ دوای لێکجیابوونەوە. بەشی زۆری ماددەکانی ئەو فەسڵانە زۆر نادادپەروەرانەن بەرانبەر بە ژنان. بەتایبەتی کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی دادگاکان هەمیشە لە پیاوان بوون و بەرژەوەندی «پیاو» سەرەکیترین خاڵ بووە و هەمیشە کەمترین سەرنج دراوەتە ماف و خواستەکانی ژنان. بەمجۆرە پەسەندکرانی گەڵاڵەیەکی لەم چەشنە زیانێکی گەورە بۆ بنەماڵە و بە تایبەتی ژنان دەبێ .

ئەو١٠ مەرجەی بۆ هاوسەرگیریی دووبارەی پیاوان لە گەڵاڵەکەدا هاتوون کە گوایا پیاوان نەتوانن هەروا بەئاسانی ئەم ئەرکە شەرعی و ئیسلامییە!! بەڕێوە بەرن. بریتیین لە: ١- ژنی بوونی ژنی یەکەم بە هاوسەرگیریی دووبارەی میزردەکەی، ٢- ژنی یەکەم نەتوانی ئەرکی هاوسەرێتیی بەڕێوە بەرێ، ٢- پیاوەکە توانایی ئابوورییا باشی هەبێ ، ٣- پیاوەکە دابڕەوەری لە نیوان هاوسەرەکانیدا ڕەچاو بکا، ٤- تووشبوونی ژن بە نەخۆشیی «جنون» ، «شیتی» یان نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراو ٤- ملکەچ نەبوونی ژن لە ئاست داواکانی میرد ٥- مەحکوومبوونی ژن بە هۆی تاوانی عەمد بە سزای یەک ساڵ زیندان یان جەزای نەقدی کە نەتوانی بیدا و بە هۆی ئەوە ساڵێک بخرێتە زیندان. ٦- تووشبوون بە هەرجۆرە ئیعتیادێکی زیانبار کە بە پێی ناسینی دادگا زیان بە بنانەغەی بنەماڵە بگەیەنێ ٧- ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دزێوی ژن بە ڕادەیەک کە درێژەدانی ژیان لە گەڵی بۆ پیاو تەحەممول نەکرێ ٨- بەجێهێشتی ژیانی بنەماڵەیی بۆ ماوەی ٦ مانگ لە لایەن ژنەوە ٩- نەزۆکیی ژن. ١٠- ڕۆیشتنی ژن لە لای میرد بۆ ماوەی ساڵێک.

بە ڕاستی ئەگەر لەم مەرجانە ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆر لەم مەرجانە گاڵتەکردنێکن بە عەقڵی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران و بەتایبەتی ژنانی ئازادیخوازی ئێران ، کە هەر ئێستا لە سەدا٧٠ی کورسییەکانی دانشگاکانی کچان و ژنان لەسەریان دانیشتوون. ئەوانەی بە غەریزە و هەوەس بیردەکەنەوە، بەم شێوەیە بریار لەسەر چارەنووسی ژنانی ئێران دەدەن! زۆر لەو مەرجانە دەتوانن تەنیا پاساوێک بن بۆ دیاردەی دزێوی چەند هاوسەری. بەڕاستی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز کە بڕوانێتە ئەم یاسا و مەرجانە هەست دەکا سەردەمیان بەسەرچووە و لەگەڵ سەردەمی ئێستای ئێران زۆرلە ناتەباییدان . ئەوانەی بەم شێوەیە بیر لە ژیانی هاوسەریەتی و ژیانی بنەماڵەیی دەکەنەوە، لە ژیانی هاوبەشدا زۆرتر غەریزە سێکسییەکانیان بەلاو گرنگە، کە ئەم بیرکردنەوەیەش سووکایەتییەکی گەورەیە بە بنەماڵە و کەسایەتیی ژن لە ئێراندا. کەسێک کە خۆشەویستی بکاتە قوربانیی مەیلە جینسییەکانی، چۆن دەتوانی دابڕەوەری لە نێوان مرۆڤەکاندا ڕەعایەت بکا؟

حاکمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتییاندا هیچکات ڕوانگەیەکی موسبەتیان بەرانبەر بە ژنان و مافەکانیان نەبووە، ئێستاش چاویان لە ئاست ئەوەیەکی ئاگای خاوەن فەرهەنگێکی پێشکەوتوو نوقاندوە و زۆر باش دەزانن ئەوەی لای ئەمڕۆی ئێران تەحەممولی ئەو قانوونە دواکەوتووانانەیان نییە. دیارە ئەمەش شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ ئەوەی نوێیە و نایانەوێ ئەم شەڕە لەگەڵ ئەو ئەوەیە، کۆتایی پێبێنن. دیارە ئەم گەڵاڵەیە ئەگەر ئەمڕۆش لە لایەن بڕیاردەران و حاکمانی کۆنەپەرستەوە پەسندنەکرێ، چاوەڕوانەدەکرێ کە کات و هەلێکی دیکەدا پەسند بکرێ. ئەمەش بۆ ژنانی ئێران زۆر تاڵ دەبێ، چونکە ئەمە سەرکەوتنێک دەبێ بە سەر بزووتنەوەیەکدا کە لە ماوەی سێ دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان نرخی زۆرگەورەی داوە.

پرسیارێک کە لیرەدا زەق دەبێتەوە ئەوەیە بۆچی ڕاست لەم کات و ساتەدا ئەم گەڵاڵەیە کە بە تەواوی دژایەتیی لەگەڵ مافەکانی ژنانداً هەیە، بۆ تاوتوێکردن دێتەوە مەیدان؟ هەڵومەرجی ئێستای ئێران هەڵومەرجێکی تەواو سەرکوتکەرانەیە. دوای تەقینەوەی نارەزایەتییەکان دژی کودەتاکەی ساڵی ڕابردوو، سەرکوت و خەفەقان باڵی بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا کێشاوە، زۆرلە چالاکانی مافەکانی ژنان ومافەکانی مرۆڤ، بە هۆی فشاری لە ڕادەبەدەری حاکمییەت ناچار بوون ئێران بەجێ بێڵن، یان بەشێکیان لە زیندان دا ژیان بەسەردەبەن و، چالاکییە مافخوازانەکان زۆر بەرتەسک کراونەتەوە. لە لایەن کۆمەڵگەی نیونەتەوەییشەوە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک سەرنج خراوەتە سەر مەسەلەی ئەتومی و سەرپێچییەکانی ڕێژیمی ئێران لەو بارەیە. حاکمییەتی کۆنەپەرەست کە هەمووکات هەوڵی گەراندنەوەی کۆمەڵگەی ئێران بۆ دواوی داوە، دەیەوێ ئەو هەلە بقۆزێتەوە و دڵی کۆنەپارێزان ڕازی بکا.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمەیە کەکلتووری نەوەی نوێی ئێران فرەژنی بە دیاردەیەکی دزێو و پڕ لە زیان و مەترسی بۆ بنەماڵە دەزانێ. زیاتر لە ٥٠ ساڵیشە ژنانی ئاگاو تێگەیشتووی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان سیستمی یەک هاوسەری لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکەن. ئەم پەروەردەیە لەنێو زۆربەی بنەماڵە ئێرانییەکاندا دەبینرێ. ئەگەر هێندێک ژنیش ئامادەن بێنە هاوسەری دووهەمی پیاوێک، هۆکاری سەرەکی، مەسەلەی ئابوورییە. ئەگەر دەسەڵاتێک هەبێ و بە ئەرکی خۆی بزانێ مافی ژنانێک کە ناتوانن کار بکەن و لە باری ماڵییەوە ژیانیان دابین بکەن، هەرگێز ئەو ژنانە ئامادە نین مل بۆ ئەو سووکایەتییە ڕاکێشن و ببنە هاوسەری دووهەمی پیاوێک و ژیان لە ژنێکی دیکە تێک بدەن.

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێین ئەو قانوونە کۆنەپەرستانەیە ئەگەر ئەمڕۆ یا هەرکاتێکی دیکە پەسند بکرێ دەبێ دژایەتیی بکرێ و لەگەڵ سەرجەم قانوونە دژەژن و دژە مرۆییەکانی ئەو ڕێژیمەوە هەڵبدرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

باسێک لە سیاسەتی بە موعتاد کردنی لاوانی کورد

عەلی بداغی

باس کردن لە کێشەی ئیعتیاد لە کوردستان لە چەند ڕووەوە هەردەم گرینگ وجێی باسە.

یەکەم ئەوەی ئەگەرچی ڕابردووی مەسرەفی مادە هۆشبەرەکان و بەتایبەت تریاک لە ئێران دا بۆ چەند سەد ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو دیاردەیە لە کوردستان نەک هەرتا دوای هاتنە سەرکاریی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو تا ١٥-٢٠ساڵ لەوە پێش دیاردەیەکی تەواو نامۆ بوو بەجۆرئەتەوە دەتوانین بڵێین کە ژمارەی موعتادەکانی هەر شارێک لە قامکەکانی دەست تێ نەدەپەڕین، پرسیار ئەوەیە چی وای کردوە کە ئەو بەڵایە بەو خێرایی و وابە پرتاو لە کوردستان دا بڵاوبێتەوە؟

دووهەم ئەوەی ئێنتمای لاوانی موعتادی کورد لە مادەی هۆشبەری سروشتیی وەک تریاک و حەشیش و تەنانەت هێروئین را بۆ لای مادەی هۆشبەری شیمیایی و کراک هەردەم ڕوو لە زیاد بوونە.

پرسیار ئەوەیە کە چۆنە لە کوردستان نرخی هێروئین کە لە تریاک ڕەعەمەل دێ، هەرزانتر لە تریاکە و چۆنە ڕۆژبەڕۆژ نرخی مادەی هۆشبەری شیمیایی کە ڕووخێنەرییەکی سەدان کەرەت زیاتر لە مادەی هۆشبەری سروشتییە، بەردەوام لە دابەزین و کەم بوونەوە دایە؟

سێیەم: ئەوەی کە ئەگەرچی بە گشتی پڕۆژەکانی بووژاندنەوە و چارەسەری و وازپێهێنانی کەسانی توشبوو بە مادە هۆشبەرەکان لە ئاستی ئێران دا کەمن، بەڵام پشکی کوردستان لەو بەشەکەمەش نادیارو کەم بایەخەو لە کوردستان ngo کانی چالاک لەو بوارەدا نەک لایەن ناوەندە حکوومییەکانەوە یارمەتییان نادرێ و ئاسانکاریی کارو چالاکیی زیاتریان بۆ ناکرێ، بگرە چەندەش بۆیان بکرێ چەت دەخەنەسەر کارو چالاکییەکانی ئەو ناوەندە خۆبەخش و گەلییانە کە دەیانەوێ لە شەوەزەنگی ژیانی موعتادەکانی کوردستاندا تۆزێ هیواو ئومیدی بووژانەوەیان پێ ببەخشن.

چوارەم: ئەوەی کە ئەگەرچی لە کوردستانیش وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران هۆکارەکانی پاڵنەری لاوان و تەنانەت مێرمندالانیش بۆلای مادە هۆشبەرەکان زۆر و ئامادە و لەسەر پێن، بەڵام ئاکامی زۆر لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و بە پێی زۆر بەڵگە و دانانی شایەتحاڵەکان ئیعتیاد لە کوردستان لە لایەن دەوڵەتەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک

پەرەی پێ دەدرێ و ڕێ بۆ هەرچی زیاتر تێوەگلانی لاوانی کورد لەو زەلکاوەدا خۆش دەکرێ.

کۆی هەموو ئەوانە چاوەدێرانی سیاسی دینێنە سەر ئەو باوەڕەی شەڕ لە کوردستان دووڕخستنەوەی لاوان لە داوی ئیعتیاد لە کوردستان تەرخان ناکا و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسان وهێزەکانی ڕژێم لە کوردستان کە زۆربەی نزیک بە تەواویان تەبعیدی و، لە کەسانی بێزارو ناسالمی شار و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان پێک دێن، لەگەڵ بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان کلکیان لە یەکتری قایم کردوە و ئەوانە و دەیان پاڵنەری دیکەی وەک بێکاری، هەژاری، نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون و گەش بۆ داهاتووی لاوان دەستیان داوەتە دەستی یەک تا کێشەی ئیعتیاد لە کوردستان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو ڕووی مەترسیی لە بەرەیەک هەڵتەکان بکاتەوە.

لە خۆڕا نیە کە مەوادی موخەدیر لە بازار و پارکەکان، لە قوتابخانە و زانکۆکان و لە هەموو شوێن و گەرەکێکی شاروگوندەدوورەدەستەکانیش دا زۆر و زەوند و بە ئاسانیی ئاو خواردنەوە و بە نرخی هەرزانتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەست دەکەون.

لەو نێوەدا تینویتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە ئاسانیی لاوانی کورد هیچ سنوورێک نناسی و بەردەوام لە ڕێگەی دامودەزگاو تۆڕە تایبەتییەکانی خۆیان لە هەوڵی ئەوەدان بە گۆڕینی ئولگووی سەرێتی خۆی لادەبا و توانای بەرەنگاری و بیرکردنەوە و بەرهەڵستکارییان تێدا دەکوژێ.

ڕژێم لە لایەک بودجەیەکی ئەوتۆ بۆ هەڵمەت و چالاکیی پێشگیری، بە مەبەستی مەسرەفی مەوادی موخەدیر لە کوردستان، لە مەوادی موخەدیری سروشتی وەک تریاکەوە بۆ موادی موخەدیری شیمیایی وەک شیشە، کەشی لە بارتر و بواری گونجاوتر بۆ قڕ کردنی لاوانی کورد خۆش بکەن. لە خۆڕا نیە کە نرخی کیلویەک شیشەی ئەسڵ لە ماوەی ٢ ساڵ دا لە ١٢میلیون تمەنەوە بۆ یەک میلیون و ٥٠٠ هەزارتمەن لە کوردستان دادەشکێ، چونکی بەرپرسانی ڕژێم باش دەزانن کە توانای ڕووخێنەریی شیشە زیاتر لە ٧٠٪ و توانای ڕووخێنەرییەی تریاک و هێروئین سەروو ٣٠٪ و کەسێک کە تووشی ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەری شیشە ببێ، مەگەر لە پڕوسەیەکی دەرمانی درێژخایەن و پڕ هەزینەدا، ئەگینا ئیمکانی بووژانەوە و گەڕانەوەی بۆ ژیانی سروشتی و ئاسایی بە یەکجاری لێ هەڵ دەگیرێ.

بەسەرنجدان بەو ڕاستییانە بزووتنەوەی سیاسی کورد ئەرکی سەرشانێتی لە قاوخی خەمساردیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا بێتە دەرو بەرنامەی گونجاوی خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە هەبێ کەسیلەی لە هەموو سەرمایە مرۆڤی و مەعنەویەکانی گرتووە.

بنەما تئۆرییە ، فەلسەفییەکانی دێموکراسی

زانیار ئەحمەدی

(بەشی هەشتەم)

و. تەها رەحیمی

٣.٣.١ پلۆرالیزم

سروشتییە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی، جۆرەکانی جیاوازییەکۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، نەتەوەیی و ئایینی لە لایەن گرووپ، ئەنجومەن، ریکخراوە ناحکوومی و دامەزراوەکانەوە بایەخیان پێ بدرێ، کە ئەم رەوشە پێویستی بە قبووڵ کردنی پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتییە. بوونی فەرمانبەرە، جۆراوجۆر و چالاکییەکانی ئەم بوارە رێگەخۆشکەری پەرێنەوە لە دیموکراسین.

گێنی ئارمە پێی وایە ئەو شتەی لە بنەڕەتدا بۆ گەشەو پەرەپێدانی دیموکراسی بایەخدارە ریزگرتن لە بیروبۆچوونی گشتی کەمینەکانە. جا چ لە بواری چەندێتییەوە بێ یان چ لەباری پێگەی کۆمەڵایەتیی و کەلێنە سیاسی و هەروەها جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و هەر هۆکارێکی دیکە کە ببێتە هەوێنی هەڵواردن. لە روانگەی گێنی ئاراماوە ئەو خوێندنەوەیە بە یەکێک لە پێویستییە پیرۆزەکانی دیموکراسی دەژمێردرێ، چونکی ئەگەر بڕیارواییە زۆرینە حوکم بکا دەبێ نەتوانێ لە رێگە قانوونییەوە کەمینەکان بچەوسێنێتەوە. (گی ارمە، ١٣٧٦: ٧٠) رەمۆن ئارون، فیلسوف و نووسەری فەرەنسی یەکێک لە لایەنگرە توندەکانی دیموکراسی بوو و بە توندی هێرشی دەکردە سەر کۆمۆنیزم. فاشیزم و توتالیتاریزم. ئارون پێی وابوو بایەخ و ئازادی مرۆڤ، تەنیا لە سایەی ئەندێشە یەکسانیخوازەکانی سەردەمی مودێرن دا دابین دەبن. ناوبراو لە کتێبی دیموکراسی و توتالیتاریزم دا بەرگری لە سیستمە پلورال و دیموکراتیکەکانی سەردەم وەک سیستمی خاوەن قانوون و مەدەنی دەکا.

بە بڕوای وی کاری سەرەکی تایبەتی ئەم سیستمانە هاوسەنگی بەخشین و کەم کردنەوەی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان نەک سڕینەوە و لە پەراوێز خستن. لە بەرانبەر دا، سیستمە توتالیتالیتریەکان بە شێوەیەکی یۆتۆپی هەوڵ دەدەن کێشە کۆمەڵایەتییەکان خاشەبڕ بکەن و لەم سۆنگەیەدا ئازادی و بەشداری و هەڤرکێش تێدا دەبن. (بشیریە. ١٣٨٤: ٣٠٢)

داریژەرانی تئوری پلورالیزمی نوێ کە سیاسەت بە هەڤرکێی نێوان گرووپەکان و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان دەزانن، هەوڵیان داوە تا لە رێگەی (هەڵبژاردنی) عەقڵانی یان گشتییەوە سەرچاوە گشتییەکان شی بکەنەوە. بە پێی ئەم بیرۆکەیە، کۆمەڵگە بریتییە لەو گرووپ و ئەنجومەنە جۆراوجۆرانەی هەرکام بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. چونکی هەرکام لەو گرووپ و ئەنجومەنانە هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی خۆیان دەدەن، کەواتە بەرژەوەندیی خۆیان لە بەرژەوەندی گشتی بەلاوە گرینگترە. کەواتە بەرژەوەندی گشتی مانای نامێنێ. هەرچییەک هەیە بەرژەوەندیی گشتییە و هیچ شتێک لە دەرەوەی سنووری بەرژەوەندییەکانی ئەم گرووپە جۆراوجۆرو پلورالانە بوونی نییە. (هیوود، ١٣٨٣: ٣٦٣) گەشەو مشتومڕ لەسەر بەرژەوەندی گرووپەکان، پشکی بیاڤی گشتی زیاد دەکاو، روحیەی تولێرانس و پێوەندی ئازاد و هەلسوکەوتی بنیاتنەری دەباتە سەر. مانهایم پێی وایە لە باسی (اصیل)دا، هەموو بەشدارەکان بە شێوەی یەکسان و هاوبەش بەرپرسی ئاکامەکانی وتوویژن. دابەشبونی بەکسانی بەرپرسایەتییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئەکتیڤە (مانهایم، ١٣٨٦: ٤٥)

سەرەرای ئەوەش پلۆرالیزمی ئەمرۆیی ئەو دیموکراسییە هەڵدەگرێ کە ئەگەری بوونی گرووپە جۆراوجۆرەکانی تێدا دابین کردبێ. (قادری، ١٣٨٥: ٣١) گیدنیز دەڵێ دەتوانین لە رێگەی چالاکی گرووپە هەرەوەزکارو بزووتنەوە کۆ مە لا یە تییە کا نیشە و ە دیموکراسی وتوویژیی بەهێز بکەین. ئەو بزووتنەوەو گرووپانە نیشاندەری بەرزبوونەوەی پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتیی لە ئاستی خۆجێی و جیهانیی دان و زۆر چالاکانە بەشدارن. (گیدنز، ١٣٨٣: ٣٣) (تئوریهای کنشگرانه) جەخت لەسەر رۆڵی چینەکان و هاوپەیمانی وشیارانەی نێوان گرووپ و چینەکان و حەزە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، و کردەوەکانیان لە رەوتی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. (بشیریە، ١٣٨٧ الف: ٥٧)

بە بڕوای نووسەری کتێبی «دیموکراسی» پێشەکی دیموکراسی، قبووڵی بوونی فرەیی و جۆراوجۆری لە کۆمەڵگەو یەکسانی هاوولاتیانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. باس و گەنگەشەو قەناعەت پێهێنان و پێکهاتن لە بیاڤە گشتییەکانی کۆمەڵگە لەم رواڵگەیەوە دەربڕی شێوەو فۆرمێکی دیموکراتیکە (بنتهام، ١٣٨٤: ٢١). راسپاردەی، کۆکردنەوەی بەرە رەوەندییەکان و رێککەوتن لەسەر داخوازییە ناکۆکەکان لە رەوشێکی یۆتوپی دا، بە دەکارکردنی پرەنسیپی بەڵگاندنی باش لەسەر بنەمای گوتاری هابیرماس، دەسپێراگەیشتووترە. ئەو بزووتنەوەو گرووپە خۆڕسکانەی بیاڤی گشتی دەتوانن هێندێک لایەنی کردەوە کۆمەڵایەتییەکان بێتنە بەرباس کە پێشتر باسیان لێوە نەدەکراو یان لەسەر رێوشوێنی نەریتی چارەسەر دەکران. لە راستیی دا توانایی ئەوەیان هەیە کاروبارەکان بە شێوەی فەرمی بخەنە ژێر پرسیارەوە. بزووتنەوە فیمینیستی، ژینگەپارێز و ئاشتیخوازەکان، وەک هەموو گرووپە جۆراوجۆرەکانی دیکە، خاوەن ئەم جەشنە دەسکەوتەن.



(گیدنز، ١٣٨٣: ٣٣) پەرەگرتنی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی تازە سەریان هەڵداوە لە دیاریکردنی مودێلی دیموکراسی و هەروەها سەقامگیربوونی و گەشەکردنی دا کاریگەر بوون.

بوونی تۆرە بەرینە کۆمەڵایەتییە خۆڕسکەکان لە گشت بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا کە خەلک لە رێگەی ئەوانەوە کاروبارەکانیان رێکدەخەن، بۆ پێوەی و جێگیربوون و بەرگری لە دیموکراسی خاوەن گرینگییەکی تایبەتن. (بینتهام، ١٣٨٤، ١٣٦) لە روانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی لە ئاستی کۆمەڵگەدا و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵیان لە دیاریکردنی مودێلی دیموکراسی دا هەیە. بۆ وێنە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا کەلێنی نەتەوەیی بەرچاوتر و ئەکتیڤتر بێ، ئەگەری پێکهاتنی دیموکراسییەکی چەند نەتەوەیی یان فیدراڵی زیاترە تا دیموکراسی زۆرینە. خاوەن رایان و بیرمەندان هەمیشە پرەنسیپی مەشروعییەتی کۆمەڵایەتیی، پارتە سیاسییە سەربەخۆکان، بەشداری گشتی، مافی مرۆڤ، هاوولاتیی، نۆژنکردنەوە و پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتیی یان وەک بوارو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی لەبەرچاو بووە. ئەگەرچی باس و تاوتوویی ئەو نیشانەو توخمانەی لە سەرەوە باسمان لێکردن لە توانایی نووسینەکەی ئێمە بەدەرە، بەڵام رۆڵ و پێگەیان بەرچاوە.

١.٤.١. دیموکراسی لیبرالی

دەتوانین بنەما تئوریییەکانی دیموکراسی لیبرالی لەو سیستمە کۆمەڵایەتی - سیاسی¬یە لیبرالی¬یە دا بدۆزینەوە کە لە سەدەکانی هەشتدە و هەڤدەدا لە ئوروپا (بەتایبەت ئینگلستان) سەری هەڵدا. لە راستیدا رێبازی لیبرالیزمی بەر لە دیموکراتیک، لە وەها سیستمێک دا سەریهەڵداوە. (بشیریە، ١٣٨٦: ٣٦) ئەو لیبرالە کلاسیک و دەوڵەتە بەرپرسیار و سنووردارانەی لێی کەوتوونەتەوە نەک هیچ نزیکایەتییەکیی (ئەرێنی) یان لەگەڵ دیموکراسی نییە بەڵکوو زیاتر دیموکراسی وەک مەترسییەک بۆ بەرتەسک بوونەوەی ئازادیە تاکەکەسییەکان دەبینن. فەلسەفەی سیاسی لیبرالیزم پشتیوانی و پارێزگاری لە ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکانە لە پێناو گەیشتن بە ژیانێکی دڵخواز و بێ هەر کۆت و بەندێک. (پوپر، ١٣٨٧: ٢٦) هەر لەمێژەوە یەکێک لە بابەتە جیددی و بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی سیاسی لیبرالی شکانەوە بەلای دیموکراسی دا بووە.

ئیمانوئیل والرشتاین لەسەر ئەم بروایە لیبرالیزم و دیموکراسی لە زۆر خاڵ دا هاوبەشن. بە بروای وی ئەم دووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەوە هاوڕێن. والرشتاین جەخت لەسەر ئەرکی سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆ لە پێناو نزیک کردنەوەی لیبرالیزم و دیموکراسی دەکاتەوە. (نانسی و دیگران، ١٣٨٥: ٧٥) دیموکراسییە مودێرنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسییەکان لێک گرێدراون. پوپێریش کەمتاکوری ئازادی بە دیموکراسی زانیوە و بەجێی دیموکراسی بەکاری هێناوە.

باسی سەرەکی و بنەڕەتی مشتومڕی فیلسوفە سیاسییەکان روون کردنەوەی نزیکایەتیی نێوان ئازادی و دیموکراسی بووە. لە مێژووی ئەندێشەی سیاسی دا فیلسوفی ئینگلیسی سەدەی نۆزدەیەم، جان سیتیوارت میل لە هەمووان زیاتر ئازادی تاکەکەسی لە نووسراوە ناودارەکەی «لەبارەی ئازادییەوە» (١٨٥٩) دا دەخاتە بەرباس و تاووتوێ. نزیکەی پتری فیلسوفە نوێیەکانی پشتیوانی ئازادی تاکەکەسی راشکاوانە لە بیروبۆچوونی خۆیان دا خۆیان بە قەرزداری میل دەزانن، میل سەبارەت بە نزیکایەتیی نێوان ئازادی و دیموکراسی دووبابەتی زۆر گرینگ دەخاتە بەرباس. یەکەم ئابێ هەرەشە و زیانەکانی ئازادی لە دیموکراسی دا پشت گوێ بخەین، دووەمیش، ئەگەر لە سیستمێکی دیموکراسی دا، ئازادی بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، بەواتای خەوشدارکردنی سەربەخۆیی تاکەکەسە. میل سەبارەت بە دووەم بابەتیان زۆر نیگەرانە. چونکی ئازادی یەکەمیان واتا ئازادی خۆبەڕێوەبەریی کۆماریخوازانە بە جۆرێک لە دیموکراسییە مودێرنەکاندا هەرەشەی لەسەر لاچووە. ئەگەرچی میل لە بەرگری لە ئازادی دا وەک سەربەخۆیی تاک، دەڵێ:

ئەو پرەنسیپە بریتییە لەو ئامانجە کۆتاییەی کە ئێزن بە مرۆڤایەتی دەدا، بە تاک و کۆ بەر بە ئازادی کردەوەی هێندێک لە هاوبەشەکانی بگرێ، پارێزراومانەوەی جەوهەرە ... هەموو کەسێک تەنیا لە هێندێک هەڵسوکەوتی خۆی بەرپرسیارە کە پێوەندی بە کەسانی دیکەوە هەیە ... ئەو بەشە لە هەستان و دانیشتنی کە بە تەواوی پێوەندی بەخۆیەوە هەیە، خاوەن سەربەخۆیی رەهایە. هەموو کەس فەرمانڕەوای خۆی و جەستەو رۆحیتی. (جیکوبز، ١٣٨٠: ١٣٦)

مەک فێرسۆن پێی وایە دەوڵەتە لیبرالە کلاسیکەکان لە بنەڕەتدا نادیموکراتیک بوون، ئەوە دواتر بوو مافی دەنگدانیان لێ زیاد بوو. ناوبراو بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەبەڵگێنێ کە هەڤرکێی و ئازادی هەڵبژاردن ئەوکاتە وەک دوو بابەتی بنەڕەتی دێتنە بەرباس کە خەڵک بەکشتی هەڵی بەشدارییان لەو هەڤرکێیە دا بۆ بڕەخسێ و خاوەن ئازادییە تاکەکەسییەکان بن. کە ئەمە راست داخوازیی بەشێک لە خەلکی دەوڵەتە لیبرالەکانی راپردوو بوو کە مافی دەنگ دانیان نەبوو. (مک فرسون، ١٣٨٢: ١٠٦-١٠٥) دوای شۆرشی ١٨٤٨ لیبرالیزم دەبا خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی دیموکراسی نوێ بگونجێنێ و ئارمانە سەرەکییەکانی لیبرالیزم و ئەندێشە یەکسانی لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە بەربەرینترەکان دا گەشە پێبدا. خەباتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی چینەکانی دیکەش کەڵک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی لیبرالی وەرگرن، بەرەبەرە ئەندێشەی لیبرالییان دیموکراتیکتر کرد. (بشیریە، ١٣٨٦: ٢٨) دەوڵەتی نادیموکراتیکی کلاسیک تا رادەیەکی زۆر هاوواتای دیموکراسی کۆن بوو. لەگەڵ گەشەی دیموکراسی، دەوڵەتی لیبرالیش کەولی دیموکراسی کردە بەرو ئەندێشە کۆنی دیموکراتیشی رەنگی لیبرالی بەخۆوە گرت.

لە رێگەی میکانیزمی پێداچوونەوە و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی چەمکی دیموکراسیی یونان لە چوارچێوەی مافی بەشداری گشتی لە هەڤرکێی ئازاددا، بەتایبەت یەکسانی هەلەکان دەوڵەتی لیبرالی نادیموکراتیک بە دەوڵەتی لیبرالی دیموکرات گەیشتوە. (مک فرسون، ١٣٨٢: ١٠٦) بە واتایەکی دیکە یەکسانی، سەرهەڵدانی دەوڵەتە لیبرال و دیموکراتیکە نوێیەکانی لێ کەوتوتەوە. (تیندر، ١٣٧٤: ١٠٦) کێشەی نێوان قازانجە گشتییەکان و قازانجە تاکەکەسییەکان بووەتە هۆی دامەزرانی مودێلێکی دیموکراسی کە بناخەکەی سیستمی نوێنەرایەتییە. بەهەرحال دیموکراسی لیبرالی لە لایەکەوە تێدەکۆشێ مافەکان و ئیرادەی تاکەکەسی لە راپەراندنی ژیان و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دا بپارێزێ و لە لایەکی دیکەشەوە ئێزن نەدا بەرژەوەندی و دەنگی گشتی لە بەرانبەر دەنگ و مافی تاکەکەس دا تووشی خەسار بێ. (قادری، ١٣٨٥: ٢٧-٢٨)

لیبرال دیموکراتەکان لەچاو دیموکراسییەکانی دیکە بەتایبەت دیموکراسییە کۆمەڵایەتیی و راویژکارییەکان دژی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری دایە. ئەوان بە بەرگری لە مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان بە پێی یاساو رێساکانی (مصنوعه)ییەکان، لەسەر پشتیوانی لە سیستمی نوێنەرایەتی، دەروەست کردنی کەلک وەرگرتنی لە دەسەلات لە رێگەی کۆت و بەندەوە، هەڵبژاردنی پێگەو پایەکان، سوور بوون لەسەر جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و عەقڵانییەتی ئامێری جەخت دەکەنەوە. دەوڵەتە لیبرال ـ دیموکراتیکەکان سیاسەتگەلێکی جۆراوجۆریان هەبووە بۆ بەرگری لە مافی کۆمەڵایەتیی چینەکانی خوارووو لاواز تەنانەت رووبان کردۆتە سیاسەتی خۆشبژیوی و دەستوەردان (کۆنترۆل کەر) لە ئابووری. لەم سۆنگەیەوەیە کە ئیدی دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووری دا ئەگەرچی دژی پرەنسیپی بنەڕەتی لیبرالیزمی کلاسیکە، واتا دژی بازاری ئازادە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی لیبرال رەت ناکاتەوە. (بشیریە، ١٣٨٦: ١٢)

بە بڕوای مەک فێرسۆن لیبرال دیموکراسی، بەرهەمی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دامەزراو لەسەر بازارە کە بە سەرکەوتوویی قۆناخەکانی گۆڕانی تێپەڕ کردوە. (مک فرسون، ١٣٨٢: ٩٠)

دیموکراسی قەت نەیدەتوانی لە وڵاتە لیبرال ـ دیموکراتیکە هاوچەرخەکاندا جێی خۆی خۆش بکا ئەگەر پێشتر بواری خۆی خۆش نەکردبا و بنەماگەلێکی گونجاوی وەک (لیبرالیزم، عەقڵانییەت ئامێری، مافی مرۆڤ، فەرمانڕەوایی خەڵک، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، پرەنسیپی یەکسانی، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و...) بوونیان نەبایە. (مک فرسون، ١٣٨٢: ٤) ئەو کەسانەی لەژێر فرەمانڕەوایی حکوومەتێکی خاوەن قانوونی دیموکراتیک دا دەژین، ئازادن. دەوڵەت ئەرکی سەر شانێتی «ببێتە لەمپەڕی بەر کۆسپ و تەگەرەکانی» بەردەم ئازادی. (تیندر، ١٣٧٤: ١٠٩)

دیمانەیەک لە گەڵ دانەری فەرهەنگی «هەژیر»دا

هەڤپەیڤین: ڕەسوڵ سوڵتانی

گشت کەسە هەڵتەوتەکان کە بە نووسینی فەرهەنگۆکەکان و وشەدانەکانەوە سەرقاڵن، بە باشی دەزانن کە بە ئاکام گەیاندنی وەها کارێکی گەورە و گرینگ چ ڕەنج و زەحمەتێکی لە ئاقەت بەدەری گەرەکە. قورسایی باری تاقەت پڕووکێنی هەوڵی چڕ و بەربڵاو لەم بوارەدا، کاتێ باشتر دەردەکەوێ کە هەلومەرجی دژواری زاڵ بەسەر ژیانی کاک هەژیر و کەمی کەرەسە و پێداویستی بەتەواوی پێویست و بێبەش بوون لە سەرچاوەگەلی کافی لەم پێوەندییە لەبەرچاو بگیرێ، ئەوسا بەرهەمی زەحمەتەکانی ناوبراو بنرخێنرێ. کاتژمێرەکان، ڕۆژ و شەوەکان و تەنانەت مانگە یەک لە دووی یەکەکان، بە بێ بەهرەمەند بوون لە هەر چەشنە گۆڕان و جۆراوجۆرییەک لە ژیان دا و ڕۆنیشتن لە ژوورۆکچەیەکی تەریک و خەریک بوون بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە کارێکە کە لە ئەستۆی کەمتر کەسێک دێ، بەڵام هەژیری سوور لەسەر کار و تامەزرۆ ـ سەرەڕای تەواوی کەمی و کەموکورتییەکان ـ بە شان دانەبەر گشت گیروگرفتەکانی سەر ئەم ڕێچکە دژوارە، توانیویەتی لەم کێشمەکێش و ململانێیەدا سەرکەوتوو و سەربەرز دەربکەوێ.

بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم ڕاستییانەیە کە دەکرێ بە ئازایەتییەوە بڵێین کە پڕۆسەی کاری کاک هەژیر بەراستی جێی ستایش و دەست خۆشانە پێگوتنە، بە تایبەتی لەو بوارەوە کە لە دۆزینەوەی هاوماناى وشەکان دا کەموزۆر لە تەواوی شێوەزارەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کەڵکی وەرگرتوە و لەم ڕێگەیەدا زەحمەتێکی یەکجار زۆری کێشاوە. کەوابێ لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئەم کارەی لێدەکەین و کامەرەوایی زیاتری لە خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان بۆ ئەو بە ئاوات دەخوازین.

وەرن تیتۆلێک لە گەلانی پێشکەوتووی جیهان دابدرین. بزانین ئەوان چییان کردووە بۆ زمانەکەی خۆیان. دەڵێن بریتانییەکان بەردەوام خەریکن وشەدان و قاموسەکانیان نوێ دەکەنەوە و بەرهەمی نوێ دەخەنە سەر خەرمانەکەیان. بە ناشوکری نەبێ ئەو قاموسانەی لە کوردەواریەکەی خۆماندا نووسراون ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ. تازە بەشێکی هەرە زۆریان هەڵەی زۆر زۆر زەقیان تێدایە. بە تایبەتی ئەوانەی کە دوو زمانەن. بە گشتی قاموس نووسین و کۆکردنەوەی وشە و پاراستنیان لە دەست لافاوی فەوتان و نەمان، ئەرکێکی پیرۆزە. ئەو دیمانەیەی بەر دەستتان و توویژێکە لەگەڵ دانەری فەرهەنگی هەژیر کە فەرهەنگێکی فارسی ـ کوردییە و لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کارانە تاقەتپڕووکێن و عەشقی نەتەوە و نیشتمان نەبێ، بەردەوامبوون لەسەر کاری لەو چەشنە و بەتاقی تەنێ شان دانە بەر باری ئاوەها قورس، کاری هەموو کەس نییە.

ڕەسوڵ سوڵتانی: با بزانین کاک هەژیر عەبدوڵڵاپوور چۆن بڕیاری دا شان بداتە بەر باریکی ئاوەها قورس و تاقەتبڕ؟

هەژیر: هەر وەک لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا ئاماژم پێکردووە، لە دەیان ساڵ لەمەوبەرەوە و بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا کە ئەدەبیاتی کوردی پەرەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە کتێبخانەی کوردی پێویستییەکی حاشا هەڵنەگری بە فەرهەنگی جۆراوجۆر و بە تایبەتی فەرهەنگی فارسی ـ کوردی شیاو و سەردەمیانە بووە و گەرچی لەم بوارەدا چەند هەوڵێکیش دراوە بەڵام نەیتوانیوە تینوویەتی نووسەران و وەرگێڕانی ئەم بوارە بشکێنێ و لێکۆڵەران و وەرگێڕەکانی کورد بەردەوام بە دووی مانای چەمک و زاراوە نوێ و تەنانەت کۆنەکانیشەوە وێڵبوون. لە دەورووبەری ساڵانی ٢٠٠٠ی زایینیدا کە من تازە دەستم بە وەرگێڕان و نووسین کردبوو و لە باشووری کوردستان گیرساببوومەوە، پەیتاپەیتا کتێب و وتار لە زمانی بێگانە و بە تایبەتی لە زمانی فارسییەوە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی کوردی و بەداخەوە زۆربەی ئەو بڵاڤۆکانە و سەقەتی و پڕ لە هەڵەوپەڵە و بە بێ چاوەدێرییەکی ئەوتۆ یان بە بێ ئەوەی هەڵەچنی شارەزا پێیاندابچێتەوە بە لیشاو دەکەوتنە بازاڕ و بە کورتییەکەی هەر کەس لێرەوە چەند جاریک سەردانی ئێرانی کردبایە یان پێشتر بۆ ماوەیەک لە ئێران بوبایە، دەستی دەدایە قەڵەم و بە بێ ئەوەی بە تەواوی لە دەقە فارسییەکە گەیشتبا (تەنانەت هەندێکیان لە کوردییە حەیاتەکەشدا زۆر کۆڵ بوون) بە کێف و ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەکوتایە سەر ئەو دەقانە و بە کوردییەکەی لە جیاتی ئەوەی وەریگێڕن و دەقێکی پوخت و پاراو و کوردانە بەرهەم بێنن، وەریاندەگێڕاو شەل و پێشکاو و سەقەت دەیانخستە بەر چاوی خوێنەران. من و زۆربەی هاوکارەکانم وامانلێهاتبوو کە خۆمان لە خوێندنەوەی زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان دەبوارد، مەگەر ئەوانەی کە وەرگێڕەکەمان بە باشی دەناسی، هەر بۆیە لەو سەردەمانەوە نووسینی فەرهەنگێکی فارسی ـ کوردی لە میشکمدا چەکەرەی کرد و مایوەوە ئەوەی کە چۆن و لە کوێرا و چ کاتێک و لە گەڵ چ کەسانێک قۆڵی لێهەڵمالم، تاکوو لەم ڕێگەیەوە هەم خزمەتێکم بەو کەسانە کردبێ کە بە کاری نووسین و بە تایبەتی وەرگێڕانەوە خەریکن و هەمیش کتێبخانەی کوردی پێدەوڵەمەند بکەم.

هەرچۆنێک بێ، بەم ڕوانگە و بۆچوونانەوە لە «ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی (٢٠٠١ز) بە هەگبەیەک وشەی فارسی و کوردی هاوماناوە کە پێشتر کۆم کردبوونەوە هاتمە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکرات، هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانەوە بە حوکمی کاری نووسین و وەرگێڕانەوە بەردەوام وشەم کۆدەکردەوە و تا وای لێهات کە زۆر لە سەر یەک کەڵەکە ببوو و هەروا بە پڕژوبڵاوی لە تەنیشت یەکدا نووسیبوومن و تەنانەت ئەگەر خۆشم پێویستیم بە وشەیەک ببوبایە بە زەحمەت دەمتوانی بیدۆزمەوە، جا بۆیە هەوڵم دا قات بەندێیان بکەم، بەڵام دوای ماوەیەک بیرم لەوە کردەوە کە وێدەچێ ئەو هەڤاڵانەی کە پێکەوە کار دەکەین ئەوانیش کۆلوانەیەک وشەیان هەبێ، ئەمن بۆ نەیەم لە کوێ ئەو وشانە فەرهەنگێکی خنجیلانە ساغ بکەمەوە؟ بۆیە سەرەتا بریارم دا تەنیا لە سەر وشە سیاسییەکان کاربکەم و چەند هەزار وشەیەک لەو بابەتە تەتەلە بکەم و فەرهەنگوکێکی لێ ساغ بکەمەوە، بەڵام کە دوایی ڕۆچوومە ناو هێندێ فەرهەنگی فارسی و ئینگلیزییەوە بەتایبەتی فەرهەنگی دوو بەرگی «عمید» و فەرهەنگی دووبەرگی «فرهنگ فشرده سخن» گوتم خۆ ئەمن تازە هەر ملم پێوەناوە، بۆ ئەم فەرهەنگانە نەکەمە بناغەی کارەکەم و، کار بۆ دانانی فەرهەنگێکی گشتگیر نەکەم. جا بۆیە سەرەتا بە وردی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەم خوێندەوە و وشەگەلێکی زۆرم لێ هەڵینجا و چەندین وردەفەرهەنگی دیکەشم تاوتوێ کرد، ئینجا لە ڕووی ئەو دوو فەرهەنگەوە وشەبەوشە چوومە پێش و سەرەتا بەرگی یەکەمم تەواو کرد. پێویستە ئەوەش بڵێم کە جاری وابووە بۆ دوزینەوەی مانای وشەیەک بێنجگە لە بەراوردکردنی چەندین فەرهەنگی وشە سەردانی زۆر کەسی شارەزا یان سایتی ئینترنێتیم کردوە و بە کورتی بێ خەوی و شەونخوونیەکی زۆرم پێوە چەشتوە، ئەمە جیا لەوەی کە ئەم ئیشە کاری سەرەکی من نەبووە».

ڕەسوڵ سوڵتانی: چەند ساڵی پێوە بوویت؟

هەژیر: زیاتر لە چوار ساڵی پێوە خەریک بووم، بە جۆرێک کە هەر لە کاتژمێر هەشت و نۆی بەیانییەوە هەتا سەعات دوو و سێی شەو لە ناو فەرهەنگ و کتێبی جۆراوجۆردا بە دووی وشە و مانای وشەکانەوە وێڵ بووم و مەگەر ئەو کاتانەی کە کارێکی حیزبیم بۆ بهاتبایە پێش یان بۆ نەهار و شام دەستم هەڵگرتایە، گەرچی ئەو کارە زۆر قورس و تاقەتپڕووکێن بوو، بەڵام لەبەر ئەو عیشق و متمانەبەخۆییەی بە خۆمم هەبوو تەنانەت جاری وابووە بە مانگ لە ژوورەکەم نەچوومەتە دەرەوەی چاپەمەنی بۆ ئەوەی کاری زیاتری لەسەر بکەم و بەمجۆرە نەهێڵم قورسایی و زەحمەتی زۆر کارەکە، تووشی بێهیوایی و شل‌بوونەوە و پشووبڕیم بکا، هەرچەند نایشارمەوە کە دووبەرەکی و کێشەی ناوخۆیی حیزب بۆ چەند ماوەیەکی کورت تووشی دڵساردی کردم و لەو ئەرکەی هەڵبڕیم.

ڕەسوڵ سوڵتانی: گرفت و کێشەکانی بەردەم دانانی فەرهەنگی دووزمانە چییە؟

هەژیر: ئەگەر مەبەستت فەرهەنگێکی دوو زمانەیە کە تەنیا وەرگێڕانی وشەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر یان خود قاموسێکە کە زمانی فارسیدا پێی دەڵێن «فرهنگ دو زبانە خالص»، کە یەکەمی وەرگێڕانی قاموسێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر و وەرگێڕ بە پێی توانایی و شارەزابوونی لە زاراوە یان چەند زاراوەیەک وشە هاوواتاکان ڕیز دەکا. بەڵام لە دووەمیدا هەوڵ دەدرێ بە پەیدۆزی و گەڕان بە دوای مانایەک بە ڕەسەنی وشەکان، نە تەنیا مانایەک بەڵکوو چەند مانای جۆراوجۆر و تەنانەت جیاوازیشی بۆ بدۆزرێتەوە و لە بەرامبەریدا دادەنرێ. کە هەر کام لەمانەش گرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەو قاموسەی کە من دامناوە و دەچێتە خانەی «فرهنگ دو زبانە خالص»ەوە، گەورەترین گرفت لە دۆزینەوەی مانای ڕەسەن و ڕاستەقینەی وشە کوردییەکان دایە و بە ڕای من کەس یان کەسانێک کە پێش ئەوەی وەها کارێکی دژوار بکەن، کاری وەرگێڕانیان نەکردبێ و لە مانا و واتای وشەکان ورد نەبووبێتەوە و دەروەستانە شانیان وەبەر ئەو کارە گرینگ و سەختە نەدابێ (واتە وەرگێڕان)، تەگبیر لە گەل یەک ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن، کە بە داخەوە سازکردن و ڕێکخستنی وەها گرووپێک زۆر سەختە و لەوانەیە لە بەر قورسی و زەحمەتی زۆری کارەکە زۆر کەس پاشگەز ببنەوە، کە بە داخەوە ئەوە منیشی گرتەوە و پاش ماوەیەک هەر خۆم مابووم و گوێچکەم.

کێشەیەکی دیکەی ئەم جۆرە قاموسانە لە فۆنت و سایزەکەی دایە و دەبێ لە کاتی تایپکردنیان چەندین فۆنت و سایزی جۆراوجۆر بە کار ببەی کە ئەوە بۆ من کە خۆم زۆربەی کاری تایپەکەیم کردوە، زۆر وەختگر و دەستوبێگیر بوو.

ڕەسوڵ سوڵتانی: پێتوایە فەرهەنگ چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر گەشەکردنی زمان و چ پێشنیارێکت هەیە بۆ بردوسەندنی فەرهەنگنووسی لە کوردستان؟

هەژیر: بێگومان فەرهەنگ یان وشەدان قەڵای پارێزەری زمانە و زمانێش بە سەرەکی ترین قەڵخانی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرش و فەوتاندن دا دەژمێردرێ، واتە زمان بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتەی بوونی نەتەوەیی پێک دێنێ، کەواتە بایەخدان بە زمان بە تایبەتی بۆ نەتەوەی بندەست، نەک ئەرکێکی ئاساییە، بەڵکوو دەبێ بە جیددی کاری بۆ بکرێ. چونکە لەراستی دا هەر نەتەوەیەک بە تایبەت نەتەوە ژێردەستەکان بێتوو زمانەکەیان بمرێ بۆ خۆشیان دەچنە خانەی مردوانەوە. زۆر ئەستەمە بتوانن لە دانانی وشەدانەدا زۆربەی مەبەستەکان بپێکن. لەوەشدا کە داخوا بەندەی موخلیستان مەبەستەکەی پێکابێ و مانای ڕاست و دروستی هەر وشەیەکی فارسی بە زمانی کوردی لە بەرامبەرەکەیدا دانابێ کە بە ڕای خۆم بێگەموکووڕی نییە، قەزاوەتەکە بەو کەسانە دەسپێرم کە ئەو فەرهەنگەیان وەدەست خستوە و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری دەکەن.

گرفتێکی دیکە لە نەبوونی تیمێک یان گرووپێکی پێداگر و کۆلنەدەر و پشوودرێژ دایە بۆ ئەوەی پێکەوە و بە ڕاوێژ و هاوکاری یەکتر کار بکەن و بە ئەرکە ڕاپەڕێنن، بەڵام ئەوەی کە من بە ئەزموونی خۆم دەیزانم ئەوە کە ئەو کارە گرینگ و گرانە بە تەنیا لە سەر شانی کەسێک دا بکرێ، کارێکی زۆر قورسە و

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 542 6 sep 2010

مانگانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

جەعفەر پەناهی نەیتوانی لە فێستیڤاڵی ڤێنیز دا بەشداری بکا

جەعفەر پەناهی دەرهێنەری ناوداری ئێران و براوەی خەڵاتی شێری زێڕینی ڤێنز کە نوێترین بەرهەمی بە ناونیشانی «ئاکاردئون» بریار وایە لە شەست و حەوتەمین خولی ئەم فێستیڤاڵە دا پێشان بدرێ، بە هۆی ڕێگری حکوومەتی ئێرانەوە نەیتوانی بەشداری ئەو فیستیڤاڵە بێ.

بە گوێرەی ماڵپەڕی «دەنگی ئەمریکا» شەست و حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی «ڤینیز» ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانان بە پێشان دانی نوێترین بەرهەمی «دارین ئارۆنۆفیسکی دەرهێنەری ناوداری ئەمریکا بە ناوی «قووی ڕەش» دەستی پێکرد.

پەناهی کە لە ڕێگەی فیلمی سینەمایی «بازنە» وەکو بروای خەڵاتی شێری زێڕینی ڤێنیز لە خولەکانی پێشووی ئەو فیستیڤاڵە دەستنیشان کرابوو، ڕێژیمی دەسەڵاتبەدەستی ئێران ڕێگەی نەدا بۆ بەشداری ئەم خولەی فیستیڤاڵ لە ئێران دەرکەوێ، ئەوەش لە کاتێک دایە کە نوێترین بەرهەمی ناوبراو واتە کورتە فیلمی «ئاکاردئون»بریار بوو لە فیستیڤاڵەدا نیشان بدرێ.

پێویستە بوترێ چەند مانگ پێشتر پەناهی لە فیستیڤاڵی «کان» دا وەک دەستەی نێوبژیوان دیاری کرابوو بەڵام دیسان بە هۆی بیانوو داتاشاییەکانی

ڕێژیم نەیتوانی بەشداری کان بێ و تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر بە تۆمەتی بەرهەمهێنانی فیلمێک دژی سیستمی دەسەڵاتی ئێران لە زیندان دا بوو.

هەر لەم فیستیڤاڵە دا شیرین نیشات سینەماکاری دێکەی ئێرانی کە وەک پەناهی زۆر بەرچاو پشتیوانی خۆی لە نارازیبانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دەربڕیوە، ئەندامی دەستەی نێوبژیوانی ئەم خولەی فیستیڤاڵی ڤێنزە.

فێستڤاڵی کۆلتووری کوردی لە نۆروێژ

ڕێکەوتی ٦ ی خەرمانان فیستیڤاڵی کولتووری کوردی لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆروێژ بە بەشداریی کوردانی چوار پارچەی کوردستان نیشتەجێ لەم وڵاتەدا بەڕێوەچوو.

هەموو ساڵی فستیڤاڵی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە وڵاتی نۆروێژ بەڕێوەدەچێو هەر نەتەوەیەک بۆ پێناسە کردنی خۆی بە نۆروێژییەکانو ئەو کەسانەی سەردانی ستاندەکان دەکەن، ئەو کەرەسە خۆماڵییە باوانەی نەتەوەکەیان وەک جەڵو بەرگ، پێڵاو، کڵاو... لە شوێنی تایبەتی خۆیان دادەنێنو لەگەڵ میوانانی ستاندەکەیان سەبارەت بە کولتوورو دابو نەریتی خۆیان بیروڕا دەگۆڕنەوە. ئەمسالیش هەروەک ساڵانی پێشوو کوردانی نیشتەجێ لە نۆروێژ بە گروتینێکی زۆرەوە لەو فستیڤاڵەدا بەشدارییان کرد.

لەو ماوەیەدا کە ستاندی کوردان دەستبەکار بوو، خەڵکێکی بەکجار زۆر سەردانی ستاندی کوردیان کردوە و بەڕێوەبەرانی ستاندەکەش کە هەموویان بە جلوبەرگی جوانو ڕازاوەی کوردییەوە پێشوازییان لێ دەکردن، سەبارەت بە کوردستان، دابو نەریتو خواردنی کوردەواری وەڵامی پرسیارەکانیان دەدانەوە.

پڕکردنەوەی بەشێک لە تاڵاوی زرێبار

بەشێک لە تاڵاوی زرێبار بە خاک و خۆڵ پر کراوەتەوە.

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان لە کردەوەیەکی نابەرپرسانە و نامەسئولانەدا تەپۆلکەیەک گڵ لە بەردەرکی چوونەژوورەیی تاڵاوەکە ڕۆ کراوە.

ئەو تەپۆلکە گڵە کە لە تەنیشت هۆتێلی زرێبار هەڵ گیراوە و لەوێ ڕۆ کراوە، لە ڕواڵەت دا بۆ پانتر کردنەوەی ڕێی هاتوچۆی هۆتێلەکە لەوێ هەڵ گیراوە.

کومیتەی ئاژین لە ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاندوە کە لە ئاکامی بەدواداچوونی ئەو کۆمیتەیە لە ئیدارەی پاراستنی ژینگەی ئەو شارەدا بریار دراوە کە بە زووترین کات دەبێ ئەو تەپۆلکە گڵە لەوێ دەربکێشرێتەوە.

شایانی باسە کە بە پێی ڕاگەیاندنی کومیتەی ئاژین ئەگەرچی تا ئێستا ئەو بریارە جێبەجێ نەکراوە، بەڵام تەنانەت لە ئەگەری جێبەجێ کرانیشی دا هێشتا ئاسەواری ئەو کردەوە نامەسئولانەیە بە سەر تاڵاوەکە هەروا دیار دەبێ.

خەڵاتی « ئازادیی چاپەمەنی»ی ئامریکا بە کوهیار گودەرزی درا

«باشگای میللیی چاپەمەنی» لە واشنگتۆنی ئامریکا خەڵاتی ساڵی خۆی بە ڕۆژنامەنووس و وێبلاگنووسی ئێرانی، کوهیار گودەرزی بەخشی.

کوهیار گودەرزی، وێبلاگنووس و ئەندامی کومیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤی ئێرانە کە ئێستا لە زیندان دایە و یەکێک لەو ١٧ زیندانییە بوو کە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی زیندان مانیان لە خواردن گرتبوو.

خەڵاتی «ئازادیی چاپەمەنی جان ئوویچوون» هەموو ساڵی بە ئامریکاییەک و ڕۆژنامەنووسێکی نەتەوەکانی دیکە دەدرێ و لە ڕاگەیەندراوی «باشگای میللیی چاپەمەنیی» ئامریکا دا هاتوە کە ئەو باشگایە کوهیار گودەرزیی بە شایانی وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی ئەو باشگایە زانیوە.

« باشگای میللیی چاپەمەنیی» ئامریکا لەو ڕاگەیەندراوەی دا باسی بارودۆخی نالەباری ڕۆژنامەنووسانی ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی کردوە و ئاماژەی بەوە کردوە کە ئێران بۆ زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان تەنانەت لە وڵاتی چینێش وە پێش کەوتوە.

کوهیار گودەرزی لە خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوودا لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر و تاوانی موحاریبە و بانگەشە دژی نیزام و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی بە سەردا سەپێندرا.

شایانی باسە کە ٦ ساڵ لەوە پێشێش « باشگای میللیی چاپەمەنیی» ئامریکا خەڵاتی «ئازادیی چاپەمەنی جان ئوویچون»ی بە ئەکبەر گەنجی، ڕۆژنامەنووسی و چالاکی سیاسیی ئێران بەخشیبوو.

کۆچی دوایی کامی کینگ کانلێن ئەکتەری ناودارترین فیلمی مێژووی سینەما

کامی کنیگ کانلین کە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە فیلمی the gone with the wind ڕۆلی گێرابوو لە تەمنی ٧٦ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

بە گوێرەی هەواڵی «بی بی سی» خاتوو کامی کنیگ کانلین لە فیلمی ناوبراو دا ڕۆلی منداڵی «سکارلێت ئۆهارا»و «ڕێت باتلێر»ی گێرابوو کە لە کوتایی ئەو فیلمە دا دەمری. کانلین لەو فیلمە کلاسیکییەی مێژووی سینەما دا کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا بەرهەم هاتووە تەنیا پێنج ساڵی تەمەنە.

کانلین سێ ساڵ دوای ڕۆڵ گێران لەم فیلمەدا بە دەنگ بەشداری لە ئەنیمەیشنی «بامبی» بەرهەمی «والت دیزنی» دەکا.

کامن گینگ ساڵی پار لە وتوویژێکدا لە بارەی ڕۆلی خۆی لە فیلمی the gone with the wind دەڵێ: بە تێپەڕبوونی ئەو هەمووە ساڵە، ڕۆڵ گێران لەو فیلمە دا مایەی شانازیمەو ئەو کات من پێنج ساڵان بووم و ستافی بەرهەمهێنەر پێیان دەوتم کە چ بکەم و چ نەکەم و چۆن ڕاوەستم ....

ئەو فیلمە ناودراە لە دەرهێنانی «ویکتور فلیمینگ» لە سەر بنەمای چیرۆکی «مارگارێت میچیل» دروست کراوە بە پێی هێندێک لە ڕاپرسییەکان بە سەرکەوتووترین فیلمی مێژووی سینەما دێتە ئەژمار. هەر بۆیە لە ڕیوڕەسمی ئۆسکاری ١٩٤٠ دا توانی چەندین خەڵاتی گرینگی وەک ئۆسکاری باشترین فیلم، باشترین دەرهێنەری، باشترین ئەکتەری یەکەمی ژن بۆ ویڤلۆن، باشترین ئەکتەری دووەمی ئافریت بۆ «هتی مەک دەنیەل» و باشترین سیناریۆ بە دەست بێنی.

بەر لە ماڵاوایی

لە نێوان کوردستانیبوون و ئێرانییبووندا!

ب. هیوا

زۆر لە ئێمە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆماندا، یا لە کاتی دیالۆگ لەگەڵ کەسێکی لەدایکبووی بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەتی لە کاتی مناقشەی سیاسی لەگەڵ هاوولاتیێکی فارسیزماندا، بەرەوڕووی ئەو پرسیارە بووینەتەوە کە ئێمە کوردین یا ئێرانین؟ هەشمانە کە خۆی بە کورد و کوردستانی دەزانێ و ئەگەر پێی‌بگوترێ تۆ ئێرانی، بە جوێنێکی سیاسی دەزانێ و زۆری پێ‌تووڕە دەبێ. دیارە هاوولاتی ئەوتۆیشمان زۆرن _ بەتایبەتی لەنێو فارسیزمانەکاندا _ کە بەبیستنی «من کوردم و کوردستانیم» ڕەگی ملی هەڵدەماسێ و خۆشی لەم وڵامە نایە.

پرسی «کوردبوون و ئێرانییبوون» لەمێژە لە ناوەندە ڕووناکبیری، سیاسی وفەرهەنگییەکانی کوردانی ڕۆژهەلات و ئێرانییەکاندا، بووە بەباس و قسەی لەسەر دەکرێ. دیارە هەم ئەوانەی ئینکاری ئێرانییبوونی خۆیان دەکەن و تەنیا خۆیان بە کوردستانی دەزانن، هەم ئەوانەی بایەخ بە نەتەوایەتی و شوناسی نەتەوەیی هاونیشتمانە نافارسەکانیان نادەن و تەنیا بیر لە ئێران و ئێرانییبوون دەکەنەوە، بەدەمارگرژییەوە لەسەر شوناسی خۆیان دەدوێن. دەمارگرژ بوونیش، هەمیشە جۆرێک نەدیتن و قەبوولنەکردنی ڕاستیەکانی لەگەڵدایە.

منیش هێندێکجار، چ لەلایەن هاونیشتمانێکی ئێرانیمەوە، چ لەلایەن هاوزمان و هاونەتەوەیەکمەوە بەرەوڕووی ئەم پرسیارە بوومەتەوە. وڵامەکەی من لەوانەیە بەدڵی هیچکام لەو دوو لایەنە دەمارگرژە نەبووبێ. چونکە بە سەرنجدان بە واقیعی سیاسیی ئێران و ڕابردووی دریژی لکێنراتی بەشێک لە سەرزەویی باب و باپیرانم بەو وڵاتەوە کە بە ئێران ناسراوە، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی سەدان ساڵ ژیانی بەشێک لە نەتەوەکەم لەپاڵ هێندێک نەتەوە لە چوارچێوەی وڵاتێک بەناوی ئێراندا، نکۆڵیم لەوە نەکردوە کە بەمەوێ و نەمەوێ، ئێرانیم. چونکە چارەنووسم لەگەڵ ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە لێکگرێدراوە و هەر ئەم واقیعەش، هەم کۆمەڵێک مافم پێ‌دەدا، با هیچکاتیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تەنانەت هاونیشتمانانی شۆڤێنیستەوە، دانیان پێدانەنرابێ. هەم هێندێک ئەرکم دەخاتەسەرشان، ئەگەرچی بە هۆکاری پاساوهەڵگر، هەموویم جێ‌بەجێ‌نەکردبێ. قەتیش نەمشاردۆتەوە کە بەر لەوەی ئێرانی بم، کوردم و کوردستانیم، سەر بە نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانم، زمانێکی سەربەخۆی تایبەت و مێژوو و کولتووری خۆمم هەیە. خاوەنی سەرزەوییەکم کە ناوی کوردستانە و ئەگەر ئەمڕۆ هەر پارچەیەکی سەر بە وڵاتێکە، بەبێ ڕەزامەندیی خۆم بووە.

لە باسی کوردستانیبوون و ئێرانییبووندا، ئەوەی گرینگە، تێگەیشتنی ئێمە لەو چەمکانەیە. ئەگەر دانانی من یا هەر دانیشتووەیکی نافارسی ئێران، بە ئێرانییبوونی خۆی، بەرامبەر بێ لەگەڵ حاشاکردن لە شوناسی نەتەوەیی خۆمان و مافە نەتەوەییەکانمان لەژێر پێی شوناسی ئێرانییبووندا ببنە قوربانی، ئەمجۆرە ئێرانییبوونە، نەک هەر ناکرێ شانازیی پێوەبکرێ، دەبێ بە توندییش دژایەتی بکرێ. ئەگەر پێداگرییشمان لەسەر کوردبوون و کوردستانیبوون بەواتای لەبەرچاونەگرتنی ئەو چارەنووسە هاوبەشە بێ کە لەگەڵ ئێرانییەکانی دیکە هەمانە و بەم بیانوویە، خۆمان لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئێران دوورەپەرێز ڕابگرین، یا بەبیانووی کوردبوون و کوردستانیبوونەوە، بایخنەدەین بە هاوبەشیی کورد لەگەڵ ئێرانییەکان لە بنیاتنانی داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتەدا، هیچ خێرێک لەم جۆرە کوردایەتی و کوردستانیبوونەدا، نابینم.

کورد حەقی خۆیەتی بڵێ من دڵسۆزی ئێرانێک دەبم کە لەوێدا لەگەڵ هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی و... بەرەوڕوو نەبم. نەکرێمە هاونیشتمانی پلە دوو، لەسەر داواکردنی سەرەتاییترین مافی خۆم سەرکوت نەکرێم و لە بڕیوەبردنی وڵاتدا بەشدار بم. هاونیشتمانە ئێرانییەکەشم حەقی خۆیەتی لەم حالەتەدا، چاوەڕوان بێ منی کورد بڵێم ئێرانیم و شەرم لە ئێرانییبوونی خۆم ناکەم.